## نوگرەسەلمان ئەو شوێنەی بووە گۆڕی نەتەوەیەك



فۆتۆ: لەتیف فاتیح فەرەج

### با ڕۆژی ٤/١٤ لەسەر هەموو فەرمانگە و شوێنێکی گشتیی ئاڵای ڕەش هەڵبکرێت

بۆ ڕێزگرتن لە ئەنفالکراوە ئازێزەکانمان لە ڕێگەی ئەم بانگەوازەوە پێشنیار بۆ هەموو وزارەت و فەرمانگا و شوێنە گشتییەکانی کوردستان دەکەین ، بۆ ڕێزگرتن لە ١٨٢٠٠٠ قوربانی ئەنفال، با هەموو پێکەوە لە شوێنی کارمان ئاڵای ڕەش هەڵدەین ، هاوکات هەموو دوکاندار و خاوەن کار و ماڵێکیش کارێکی باش دەبێت بەم ئەرکە هەڵبستن لەسەر ماڵ و شوێنی کارەکانیان ئاڵای ڕەش هەڵبدەن.

# کەسوکاری ئەنفالەکان نایانەوێت یادی ئەنفال بکرێتەوە

## دادگایی نەکردنی جاشەکان لە ئەستۆی دەسەڵاتی کوردیدایە

لە پاش ٢٠ ساڵ بەسەر کارەساتی ماڵوێرانکەری ئەنفالدا و بەرنامەرێژی بۆ لەناودان و قڕکردنی سەرتاسەری میللەتێك، هێشتا کار بۆ ئەوە دەکرێت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، بە جینۆسایدی گەلی کورد بناسرێت و ئەنجامدەرانی بەسزای خۆیان بگەیەنرێن و دەوڵەتی مەحکومیش داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات و زیان لێکەوتووانی، قەرەبوی شایستە بکرێنەوە لە هەموو بوارەکاندا.

لەم نێوەدا ئەو ڕێکخراوەی زۆرترین کار و چالاکی و ماندوبوون و دڵسۆزی بۆ ئەو گرفت و ئاریشەیە خستبێتە گەڕ و مێژوویەکی پڕ شکۆی بۆ خۆی نەخشاندبێ و هەوڵەکانی بۆ چڕکردبێتەوە، هەر لە پێشگرتن بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانەکان و لێکۆڵینەوە و بە دیکۆمێنتکردنی ڕووداوەکان، یان هەوڵی ناساندنی ئەو قەلاچۆکارییانە و دادگاییکردنی تاوانبارانی دابێت و سکاڵای دژ بەو کۆمپانیاو دەوڵەتانەی هاوکاریی ڕژێمیان کردووە و ...هتد. ڕێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد (چاك) بووە.

کەرکوك و دەوروبەریشی نەك بێبەش نەبوون لە ماڵوێرانی ئەو کارەساتانە، بەڵکو زۆرترین بەشی بەرکەوتووە، لە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و ڕەشەکوژی و وێرانکردن و تەعریب و دەرکردن و ئاوارەکردن ...هتد. لەو ڕووانگەیەوە و بەدەر لە هەر گرفتێکی ڕێکخراوەیی کە پێشتر ڕوویدا بێت، ئێمە لە کەرکوك تەنها و تەنها بەمەبەستی کارو خزمەتکردن، بە ئامادەبوونی عەلی مەحمود نوسینگەی ناوەندی (چاك)مان لە کەرکوك دامەزراند..

ئەم هەوڵەش دەچێتە پای ئەو هەوڵانەی بۆ فراوانکردن و چاودێری و بەخشینی هۆشیاری بۆ نەوەی نوێی و خزمەتکردنی زیاتر دەدرێت لەسەر تاسەری جیهاندا و بە ڕەچاوکردنی ئەو بەرنامە و پەیڕەوە ڕێکخراوەییەی دیاریکراوە، کار و هەوڵەکانی ئێمەش لەو چوارچێوەیەدا درێژەی دەبێت، لە هەنگاوە بەراییەکانیشماندا داوا لە دەسەڵاتی کوردی دەکەین کاری جدی بکات بۆ دادگاییکردنی ئەو جاش و خۆفرۆشانەی دەستیان هەبووە، لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال و بەرچاو ڕوونیان بۆ ڕژێمی بەعسی رووخاو کردووە، لە هەمانکاتدا داوا دەکەین لە پەرپرسانی شاری کەرکوك، مۆنۆمێنتێکی شایستە بە کارەساتی ئەنفال دروستبکەن، بۆ ئەوەی وەك هێمایەك بێت بۆ ئەو تراژیدیایە و ساڵانە دانیشتوانی شارەکە و دەوروبەری یادی ئەو ماڵوێرانیەی تێدا بکەنەوە، نوسینگەکەمان جگە لە خزمەتکردن بە کێشەی ئەنفال و جینۆساید، هەڵپەی هیچیتر ناکات.

**نوسینگەی کەرکوك**

## لەتیف فاتیح"یەکێتی و پارتی بەتوندی ئەوەیان ڕەتکردەوە کەمۆنۆمێنتی ئەنفال لە کەرکوك دروست بکرێت"



تایبەت بە نوگرە سەلمان:

دوای ئەو هەوڵە بەردەوامانەی کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و نووسەری کەرکوك و چەند ڕێکخراوێك بۆ دروستکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال درا، شارەوانی کەرکوك ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی شوێنی مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفال دەدات و تاکو ئێستاش پارێزگاری کەرکوك بە فەرمی وەڵامی نەداوەتەوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس لەتیف فاتیح فەرەج لەوبارەیەوە وتی:"مۆنۆمێنتی ئەنفال حکومەتی کوردی لای هەولێر دروستی دەکات، ئەوەش تەعبیر لە دۆزی ئەنفال ناکات".

لەتیف ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە"تاکو ئێستا شوێن دیاری نەکراوە و یەکێتی و پارتی بە توندی ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە، کە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە کەرکوك بێت". سەرچاوەیەکیش لە شارەوانی کەرکوکەوە پێی ڕاگەیاندین کە ڕەنگە شوێنی مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفال لە دەروازەی کەرکوك – سلێمانی دروست بکرێت، بەڵام هەندێك لایەن دەیانەوێت بیبنە لای شۆڕاو، کە ئەمەش شیاو نییە، لەلایەکی دیکەوە چالاکڤانێکی ئافرەتی بواری ئەنفال وتی:"ئەو فەرەنجییە پیاوسالارانەیە و خۆ هەر شوان ئەنفال نەکراوە، هەبووە دکتۆریان ئەندازیار و پارێزەر بوونە، ئەی ئەوانە چی..!".

## گەڕەکێك بەناوی ئەنفالەوە دروست دەکرێت

تایبەت بە نوگرە سەلمان:

کۆمەڵێك ڕێکخراوی بواری ئەنفال، لە یاداشتێکیاندا، کە داویانە بە پارێزگاری کەرکوك، داوای دروستکردنی گەڕەکێك دەکەن بەناوی ئەنفالەوە و تایبەت بێت بە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال.

بەرپرسی یەکێك لەو ڕێکخراوانە، کە نەیویست ناوی ئاشکرابێت پێی ڕاگەیاندین"لەگەڵ پارێزگای کەرکوك و چەند لایەنێك بۆ ئەو مەبەستە قسەمان کردووە". لەبارەی شوێنی ئەو گەڕەکەوە وتی:"هەر جێگایەکی کەرکوك بێت ئاساییە و ئەگەر بە دواداچوونی بۆ بکرێت پرۆژەکە سەر دەگرێت"، دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی "ئەگەر پرۆژەکە سەر بگرێت لە٩٠٪ی نەهامەتییەکانی پاشماوەکانی ئەنفال کەم دەکاتەوە".

## خەڵوەتگەیەك بۆپیروپەککەوتەکانی پاشماوەی ئەنفال



تایبەت بە نوگرە سەلمان:

چنور ئیبراهیم بەرپرسی ڕێکخراوی ساباتی ئەنفال لە کەرکوك لە لێدوانێکیدا پێی ڕاگەیاندین کە لە پرۆژەیاندا هەیە ئەمساڵ خەڵوەتگەیەك بۆ(ئەو پیر و پەککەوتانەی پاشماوەی کارەساتی ئەنفالن بکرێتەوە)، ئەو خەڵوەتگەیە لە شاری کەرکوك دەبێت، بەڵام تاکو ئێستا هیچ لایەك ئامادەیی خۆی بۆ دروستکردنی ئەو خەڵوەتگەیە دەرنەبڕیوە. چنور گرنگی ئەو شوێنەی ڕوونکردەوە"ئەو خەڵوەتگەیە زۆر گرنگە، چونکە ئەو پاشماوانەی کەسیان نەماوە دەتوانن لەوێدا کۆتاییەکانی ژیانیان بەسەر ببەن و هیچ نەبێت هەست بە پەراوێز خستن نەکەن"، ڕێکخراوی ساباتی ئەنفال لە ناوەڕاستی ساڵی٢٠٠٧ ەوە دامەزراوە و تاکو ئێستا نزیکەی ٦٥٠ کەسی خاوەن کەسوکار ئەنفال ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن و ١٨ تیپی وەرزشییان لە گەڕەکانی کەرکوکدا هەیە و وەك بەرپرسی ڕێکخراوەکە وتی:"هیچ لایەك هاوکاریمان ناکات".

تایبەت بەنوگرەسەلمان:

**بەشێکی زۆری کەسوکار و پاشماوەی ئەنفالەکانی شاری کەرکوك بەهۆی پەراوێز خستنیانەوە داوا دەکەن یادی ئەنفال نەکرێتەوە و بەڵکۆ لە جێگەی ئەوە قەرەبوو بکرێنەوە و نەك تەنها لە یادەکاندا ئەنفال بەبیر خەڵکی بهێننەوە**

سەرچاوەیەکی تایبەت بە نوگرە سەلمانی ڕاگەیاند کە نزیکەی ١٤٠ کەسی پاشماوەی قوربانیانی کارەساتی ئەنفال سەردانی چەند ڕێکخراوێکی ئەو بوارەیان کردووە، کە ئەمساڵ یادی ئەنفال نەکرێتەوە.

لەوبارەوە چنور ئیبراهیم بەرپرسی ڕێکخراوی ساباتی ئەنفال بۆ قوربانیانی ئەنفال لە لێدوانێکی تایبەتدا وتی"کۆمەڵێك کەسوکاری ئەنفال کە نزیکەی ١٤کەس دەبوون، ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لە یادکردنەوەی ئەنفال لە ئەمساڵدا"، هۆکاری ئەو ناڕەزاییەی ئەوانیشی گەڕاندەوە، بۆ ئەوەی کە هیچیان بۆ نەکراوە و عەلی کمیاوی لەسێدارە نەدراوە و قەرەبوو نەکراونەتەوە و پشتگوێ خراون".چنوریشی ڕەوایەتی دا بە داواکەیان و وتی:" هەقی خۆیانە، حکومەت بە هۆی قوربانییەکانی ئەوانەوە دروست بووە، ئێستا لێیان ناپرسێتەوە، بۆچی تەنها لە بۆنەکاندا بەیادمان دێننەوە".بەڵام بەرپرسی ڕێکخراوی ساباتی ئەنفال وتی:"ئێمە یادەکە دەکەینەوە و توانیومانە ڕازییان بکەین، کە دەبێت شتێك بکەین".

چنوریشی ڕەوایەتی دا بە داواکەیان و وتی:" هەقی خۆیانە، حکومەت بە هۆی قوربانییەکانی ئەوانەوە دروست بووە، ئێستا لێیان ناپرسێتەوە، بۆچی تەنها لە بۆنەکاندا بەیادمان دێننەوە".
بەڵام بەرپرسی ڕێکخراوی ساباتی ئەنفال وتی:"ئێمە یادەکە دەکەینەوە و توانیومانە ڕازییان بکەین، کە دەبێت شتێك بکەین".

نوگرەسەلمان

Nugireselman

بڵاوکراوەیەکی ساڵانەی تایبەت بە یادی کارەساتی ئەنفال، نووسینگەی کەرکووك ناوەندی هەڵە بجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد دەریدەکات ژمارە (١) ٢٠٠٨/٤/١٤

# مۆنۆمێنتەکان

**بەکر دەروێش / خورماتوو**



مۆنۆمێنتەکان دواجار دەبنە بەشێك لە یاد و یادەوەری نەوەکان، دروستکردن و بونیاتنانی مۆنۆمێنتەکان، کە ڕەنگە هەندێجار خۆی لە دروستکردنی پەیکەرێك یان ڕەمزێکی داتاشراودا ببینێتەوە، کارێکی کۆنە و لە چەرخە دێرینەکانەوە مرۆڤ پەی پێ بردووە، هەر بۆیەش لە زۆر شوێن و جێگای ئەم دنیایەدا گەلێك مۆنۆمێنت و پەیکەر و ڕەمزی هەمەجۆر دەبیبین، کە گوزارش لە دید و بۆچوونی دروستکەرەکانیان دەکەن، مرۆڤی چاخە کۆنەکان لە سەردەمی خۆیاندا، بۆ ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو بۆنە و یادەوەرییانەی کە شایستەی مۆنۆمێنت بۆ دروستکردن بوون، لە نێو ئەشکەوتەکاندا هەڵدەستان بە دروستکردنی وێنە و نەقشی هەمەجۆر، کە گوزارشتی لەو یاد و بۆنانە دەکرد، یان هەندێ شاخ و بەردی گەورەیان هەڵدەکۆڵی و وەك ڕەمز و هێما دەیانهێڵایەوە، هەموو ساڵێك لەو یادەدا، کە ئەو مۆنۆمێنەتەی بۆ کراوە، خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆدەبوونە و یادی ئەو ڕووداوەیان بەرز ڕادەگرت، ئەمە ئێستاش لە زۆر جێگای ئەم دنیایەدا هەر ماوە، خۆ ئەگەر هیچێك لەمانەشیان بۆ نەکرا بێت، ئەوا ئەفسانە و حیکایات و مەتەڵیان داهێناوە، کە باس لە شاکار و یاد و بیرەوەرییەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتوویان دەکات.

### مەبەست لە دروستکردنی مۆنۆمێنتەکان

کاتێك گەلێك یان میللەتێك یادگاری و بیر و هۆشی خۆی لە بۆنەیەکدا چڕ دەکاتەوە، پێویستی بەوە هەیە ئەو بیرەوەرییە، یان ئەو یادە بگوازێتەوە بۆ نێو بیر و هۆشی نەوەکانی داهاتووی، چونکە گواستنەوەی دەست بە دەستی ئەو یادانە لە ئایندەدا دەبنە هۆی زیندە مانەوەی هزر و بیر و یادی ئەو نەتەوەیە، نەتەوەی بێ یادگار و بێ بیرەوەری نەتەوەیەکی مردووە، زۆرجار ئەو بیرکردنەوە و تێفکرینە لە ژیان، یان لە بۆنەیەکی نەتەوایەتی لە تاکە کەسێکدا بەرجەستە دەبێت، کە لەوانەیە ئەو تاکە کەسە پادشایەك، یان سەرۆکێك، یان هونەرمەندێك و بیرمەندێك بێت، چونکە هەمیشە ئەو شێوە داهێنانە خۆی لە تاقیکردنەوەی بیر و هۆشی یەکێك لەمانەدا دەبینێتەوە، کە دوای بیرکردنەوەیەکی ژیرانە بۆ بەرز ڕاگرتنی بیر و هۆشی نەتەوەکەی هەڵدەستێ، بە دروستکردنی سمبولێك، تا یادی بۆنەیەك، یان کارەساتێك لە خۆیدا چڕ دەکاتەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی مۆنۆمێنتەکان ئەمانەن:

یەکەم: بە پلەی یەکەم بۆ بەرز ڕاگرتن و زیندو ڕاگرتنی ئەو بۆنە و یادگارانە، کە ئەو مۆنۆمێنتە بووە بە سمبوڵیان.

دووەم: گواستنەوەی ئەو بۆنە و یادگار و یادانە، بۆ نێو بیر و هۆشی نەوەکانی ئایندەی هەمان نەتەوە.

سێیەم: دانی شکۆمەندی و پیرۆزییەك بەو یادەی، کە مۆنۆمێتەکە لە پێناویدا دروستکراوە.

چوارەم: بووژاندنەوە و زیند و ڕاگرتنی یادەوەری میللەت، ئەمەش لە چوارچێوەی چەند سیمبولێکەوە، کە هێمان بۆ بوونی یادەوەریی نەتەوەیەك لە نەتەوەکان.

پێنجەم: بیرهێنانەوەی نەوەکانی ئایندە بەو مەترسییانەی، کە لەوانەیە چۆن تووشی باوباپیرانیان بووە، لە ئایندەدا تووشی ئەمانیش بێت.

شەشەم: دانی جۆرێك لە حەماسەت بە نەوەکانی ئێستا و ئایندە، لە چوارچێوەی وەبیرهێنانەوەی هەندێ سەرکەوتنی مێژووییەوە، کە لە مێژووی نەتەوەکەیاندا ڕوویانداوە.

حەوتەم: وەك ئاگادارییەك لە سستبوونەوە و گوێنەدان بە مەترسییە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکان، کە لەوانەیە لە هەر چرکەیەکدا بێنەسەر ڕێگای ژیانی میللەت.

هەشتەم: بۆ هەر مەبەستێکی تر، کە ڕەنگە بیرمەندان و هونەرمەندان و بڕیار بەدەستانی میللەت بە پێویستی بزانن، کە مۆنۆمێنتێکی بۆ دروستکەن.

### ئەنفال کراوەکانی ناوچەی داودە و مۆنۆمێنتێك


ئەنفال پێویست بە پێناسە و ناساندن ناکات، چونکە ئێستا ئەنفال و ئەنفالکراوەکان بوونەتە بەشێك لە زاکیرە و یادەوەریی هەموو تاکێکی کورد، بەڵام ڕەنگە ئەمە لە ئایندەدا هەروا نەمێنێتە و بە هۆی ڕەوتی ژیانەوە هەندێك گۆڕانکاری و کاڵبوونەوەی بەسەردا بێت، چونکە ئەو نەوەیەی کە لە چەند ساڵی ئایندەدا دێت بۆ خۆی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەنفالدا نەژیاوە، تەنیا لە ڕێگای خوێندنەوە و بیستن و وێنەوە دەیبینێت، ئەمەش ئەو گاریگەرییەی نابێت لەسەر ئەو کەسانەی کە بەجەستە و بە ژیانیان ڕاستەخۆ لە نێو ڕووداوەکانی ئەنفالدا نەژیاون، بۆیە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم یادە و قوربانییەکانی ئەنفال لە چەند شوێن و جێگایەکی کوردستاندا بیر لە دروستکردنی مۆنۆمێت کراویەوە، لەوانەش مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و مۆنۆمێنتەکەی ناحیەی ڕزگاری لە کەلار، ئەوا لەم ڕۆژانەشدا لە نێو گۆڕستانی شەهیدانی شاری خورماتوو دا لەسەر بودجەی مەڵبەندی ١٦ حەمرین و بە بیرۆکە و پێشنیاری مامۆستا جومعەی پەیکەرساز مۆنۆمێنتێکی سادە و ساکار بۆ خەڵکی ئەنفالکراوی ئاواییەکانی ناوچەی داودەی سەر بە شاری خورماتوو دروست کرا، ئەم مۆنۆمێنتە هەرچەند بیرۆکەکەی سادەیە و فەنییەتێکی ئەوتۆی تێدا نییە، بەڵام بە مانا و واتا کارێکی گەورەیە، وەك لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا، مەبەست لە مۆنۆمێنت خودی مۆنۆمێنتەکە نییە، ڕاستە ئەو مۆنۆمێنتە چەند جوان و سەرنج ڕاکێشەر بێت، ئەوەندە کاریگەرتر دەبێت، بەڵام ئەم مۆنۆمێنتەی ئێستا دەتوانێت بۆ نەوەکانی ئایندە ئیحایەك بێت، تا بتوانن مۆنۆمێتی جوانتر و هونەریانەتر دروستبکەن، هەروەها دەتوانێت بەشێك لەو مەبەستانە بپێکێ، کە مۆنۆمێنتەکە لە پێناویدا دروستکراوە، ئەم مۆنۆمێنتە بەشێوەیەك دروستکراوە، لە سەرێکەوە لە خانوویەك، یان لە ماڵێك دەچێت، کە هێمایە بۆ ئەو ماڵانەی بەر شاڵاوی ئەنفاکەوتن و خاپوور و وێرانکران، لە سەرێکیشەوە لە تابوت، یان لە گۆڕێکی بەتاڵ دەچێت، کە هێمایە بۆ بێسەر و شوێنی ئەنفالکراوەکان، ئەوانەی کە گۆڕ غەریب بوون و تاکو ئێستاش بێسەر و شوێنن، هەروەها لە دیۆیکی تریشەوە لە کتێبێکی کراوە دەچێت، کە دەکرێ بە کتێبی ئەنفال ناوی بنێن، چونکە ناوی تەواوی نەفالکراوەکان کە نزیکەی دوو هەزار کەسن لە ژن و پیاو منال و گەورەرە، لەسەر سێ ڕووبەری دیوارەکانی نووسراوە، دیوارەکانی ئەم مۆنۆمێنتە لە بلۆك دروستکراوە، کە بەرزییەکەی سێ مەترە و درێژییەکەشی نۆ مەترە، وەك وتم لە چوار ڕوو پێك هاتووە، مەودای کرانەوەی نێوان دیوارەکانی دوو مەترە، لە لاپەڕەی یەکەمدا (مەبەست ڕووی یەکەمی دیوارەکەیە) تابلۆیەك کێشراوە کە ئاماژەیە بۆ سێ قۆناغ لە ژیانی خەڵکی ئاواییەکانی ناوچەی داودە، قۆناغی پێش ئەنفال و ئەنفال و دوای ئەنفال، لە ڕووەکانی پشتیشەوە ناوی ئەنفالکراوەکان نووسراوە، بەمەش مۆنۆمێنتەکە پرۆسەی ئەفال و یادی ئەنفالی ناوچەی داودەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، کە دەتوانێ گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەم یادە بێت بۆ نەوەکانی ئایندە، تا بتوانن زیاتر لە جینۆساید کردنی باوباپیرانیان بکۆڵنەوە، تا ببێتە زەنگی ئاگادارییەك بۆ بیر و هۆشی نەوەکانی ئایندە، تاکو وریابن لەوەی کە ئەگەر پەندێك لە ژیانی ڕابردووی نەتەوەکەیان وەرنەگرن، دوور نییە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوانیش بە هەمان دەرد نەچن، وا بڕیارە ئەم مۆنۆمێنتە ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٤ لە یادی هەژدە ساڵەی ئەنفالکردنی خەڵکی ئاواییەکانی ناوچەی داودەی سەر بە قەزای خورماتوو دا بکرێتەوە، کە لە ئەنفالی سێی ساڵی ١٩٨٨ ئەنفالکران.

هەموو میللەت و نەتەوەکانی دنیا بە پێشکەتوو پاشکەوتوویانەوە پێویستیان بە بەرز ڕاگرتنی یادە مێژوویییە دوور و نزیکەکانی خۆیان هەیە، بۆ ئەوەش بەزیندویی بمێننەوە. دەبێ کۆمەڵێ سمبول مۆنۆمێنت و پەیکەریان هەبێت، کە یادەکانیان بەرز ڕاگرن و بەردەوام بیری نەوەکانی ئایندەی بخەنەوە، تەنانەت مرۆڤی چەرخە دێرینەکانیش پەیان بەم لایەنە بردووە و هەوڵیانداوە هەندێك لە یادگار و یادەوەرییەکانیان بەرز ڕاگرن تا لە بیریان نەچێتەوە، بۆ نەوەکانی ئایندەش ببێتە داینەمۆی بیرکردنەوە و بە خۆدا چوونەوەی بەردەوام، میللەتی کوردیش لەم چەمکە بەدەر نییە و کەم تا زۆر هەوڵیداوە یاد و بۆنە مێژوویەکانی خۆی بەرز ڕاگرێ و بۆ نەوەکانی ئایندە بیکاتە سەمبولی هۆشیاری و وریایی، بۆیە بە پێی ئەو ئیمکاناتە کەمەی کە هەیبووە، درێغی نەکردووە، هەوڵی داوە یادەوەرییە مێژوویەکانی بۆ نەوەکانی ئایندەی بگوازێتەوە، تا ئەوانیش ئەم یادانە ببێتە مایەی وشیارییان و عیبرەت و دەرسی لێوەرگرن، لە هەمانکاتیشدا ئەو بۆنەیە لە زاکیرەی نەوەکانی نەتەوەی کوردا بە نەمری بمێنێتەوە.

کۆتایی

# چی بۆ ئەنفال و قوربانیەکانی بکرێت

**هێمن کامیل- کەرکوک**




ئەنفال تاوانێکی گەورەی ڕژێمی بەعس بوو دژ بە خەڵکی کوردستان . بە بەرنامەیەکی لە پێش وەخت نەخشە بۆ کێشراو بە دڕاندانە ترین شێوەو بە هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەك بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی کرد بە سوتماك ودانیشتوانەکەی ڕاگواست بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان و زیاتر لە ١٨٢هەزار مرۆڤی بێتاوانی لە بیابانەکانی باشورناوەڕاستی عێراق دا زیندە بەچاڵ کرد، هەر چەندە بست ساڵ پێش ئێستا ئەم تاوانە گەورەیە ئەنجام دراوە بەڵام کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال تا ئەمڕۆ بە دەست شوێنەوارو کاریگەرییە خراپەکانی ئەو مەرگە ساتەوە دەناڵێنن وبە جۆرێك هەموو ڕۆژێك لە ژیانیان ئەنفال بە شێوەو جۆری تر دووبارە دەبێتەوە،چونکە زۆر دژوارە بۆ خەڵکانێك بەشێك لە ئەندامانی خێزانەکەی ،زیندەچاڵ کرابێت لە گەڵ ئەوەشدا ڕاگوازرابێت بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ کە بە هەموو واتایەك کوشتنی لە سەر خۆی ئەو کەسانەیە کە لەو کارەساتە ڕزگاریان بوە،بەڵام ڕاستیەك هەیە پێویستە هەموان بیزانین ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە دوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتی کوردی پلان وبەرنامەیەکی هەبوایە بۆ ئاوڕدانەوە لە ژیانی ئەم خەڵکانە. ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانرا بەشێك لە خەم وکۆست وئازارەکانیان کەم بکرایەتەوە . بە تایبەتی ناوچەکانی کەرکوك وگەرمیان کە بە مەڵبەندی قوربانیانی ئەنفال دادەنرێت و تا هەنوکەش ئازارەکانی ئەنفال بە ڕوو خساری قوربانیەکانی ئەنفالەوە دیارە.هەر بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە چەند پێشنیازێك بخەمە ڕوو تاوەکو بتوانرێت سودی لێوەربگیرێت هەم بۆ زیندوهێشتنەوەی ئەنفال و هەم بۆ باشکردنی ژیان وگوزەرانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان. بە هیوای بە هەند وەرگرتنیان.

یەکەم: بۆ ئەوەی ئەنفال لە بیری نەوەی ئێستاو ئایندەمان نەچێتەوە پێویستە پلا نو بەرنامەیەکی سیاسی وزانستیونەتەوەیی دابڕێژین ولە سەر گشت ئاستەکان کاری بۆ بکەین. بە رای من ئەم چەند خاڵەی خوارەوە لە گرنگترینیانە:

١- لە ڕێگەی پێشبڕکێیەکی هونەرییەوە هێماو سیمبولێکی شایستە بە ئەنفال دەست نیشان بکرێت ئەم هێمایەش لە زۆربەی شوێنە گشتیەکانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان دابنرێت و هێماکەش گوزارشت لە گەورەیی کارەساتەکە بکات.

٢- ئەنفال بخرێتە ناو پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنەوە ،چونکە تا ئێستا تەنها بە شەش دێڕ باس لە ئەنفال کراوە لە پەرتوکی پۆلی شەشەمی ئامادەیدا.

٣- ساڵانە لە هەر سێ ڕۆژی ١٣-١٤-١٥-٤- جگە لە یادی ئەنفال ڕێگە بە هیچ کۆڕو کۆنفراسێکی تر نەدرێت کە تایبەت نەبێت بە ئەنفال چونکە ئەوە سەرنجی خەڵکی لە گەورەیی ئەنفالەوە ڕادەکێشێت بۆ شتی تر .

٤- ساڵانەو لە ساڵڕۆژی ئەنفالدا لە سەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان چالاکی جۆراو جۆر بکرێت بە کلتورو تەنها ناوچەکانی گەرمیان نەبن بە شوێنی ئەو چالاکیانە.

٥- ساڵانە حکومەت کۆڕوکۆنفراسی زانستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەنفال ساز بکات.

٦- دروست کردنی مۆنۆمێنتی گەورەی ئەنفال لە ناوچەکانی کەرکوك وگەرمیان.

٧- داوا لە حکومەتی عێراق بکرێت کە بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات چونکە ئەم حکومەتە میرات گری حکومەتی پێشوە.

٨- دروست کردنی پەیمانگایەك یا خود سەنتەرێکی زانستی بۆ توێژینەوە لە ئەنفال

دووەم: حکومەت دەتوانێت لە ڕێگەی چەند پرۆژەیەکەوە خزمەت بە کەسوکاری ئەنفال کراوەکان بکات .وەك

*- ساڵانە لە بودجەی دەوڵەت بودجەیەکی دیاریکراو جیاواز لە ناوچەکانی تر بۆ ناوچە زۆر زیان لێکەوتوەکانی ئەنفال دروست دابین بکرێت.بەمەش دەتوانرێت ئەم پرۆژانە ئەنجام بدرێت

١- دروست کردنی پارك وباخچەو شاری یاری کە تا ئێستا ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی زۆرینەی لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانن لێی بێبەشن.لە کاتێکدا پرۆژە ی لەم جۆرە بۆ ئەو خەڵکانە گرنگی خۆی هەیە چونکە بەشی زۆریان باری دەرونیان جێگیرنیەو بەم پرۆژانە دەتوانرێت تا ڕادەیەك ئاسودەیی بە لایەنی دەرونیان ببەخشرێت.

٢- دروست کردنی نەخۆشخانەی دەرونی کە زۆر بە داخەوە ئەڵێم ئەگەر حکومەت کەمترین دڵسۆزی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەبوایە ئەوا پرۆژەی لەم جۆرەی ساڵانێك بوو ئەنجام داوو چونکە هیچ ناوچەیەکی تری کوردستان ئەوەندەی ئەم شوێنانە ئەو نەخۆشخانانەی پێویستە.

٣- ڕەخساندنی هەلی کار کردن کە تا ئێستا بێکاری ڕێژەیەکی بەرزی هەیە لە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا ،حکومەت دەتوانێت چەند کارگەیەکی جۆراو جۆر لەم ناوچانە دابمەزرێنێت و قازانجەکەی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت و کارمەند وکرێکارەکانشی هە ر لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت. یاخود هانی کەرتی تایبەت بدرێت تاوەکو چەند پرۆژەیەکی وەبەر هێنان بهێننە شوێنیکی وەکو ناحیەی شۆڕش کە زۆر ترین دانیشتوانەکەی کەسوکاری ئەنفالە.

٤- حکومەت دەتوانێت ئامێری کشتوکاڵی بۆ هەر خێزانێکی کەسوکار ئەنفالکراو دابین بکات کە دەیان ئەوێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی بەر لە ئەنفالیان.

٥- دروست کردنی سەنتەری ڕۆشنبیری کە بە داخەوە تا ئێستا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لێی بێبەشن.

٦- پێدانی مانگانەیەکی گونجا و بە و کوروکچە ئەنفال کراوانەی کە لە زانکۆو پەیمانگاکان دەخوێنن.

٧- دروست کردنی خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفال کراوەکان کە بە پێی ئامارەکان وارسی قوربانیانی ئەنفال هێندە زۆر نیە کە نەتوانرێت ئەم کارە بکرێت.

٨- پێدانی موچەیەك بە وارسی ئەنفالکراوەکان کە لە گەڵ بارو زروفی ئەمڕۆدا بگونجێت.

٩- ناردنە دەرەوەی کەسوکاری ئەو ئەنفالکراوانەی کە چارەسەریان لە دەرەوەیە ونەخۆشی گەورەیان هەیە

١٠- دروست کردنی خەڵوەتگەی پیری چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دایك وباوکی ئەنفالکراوەکان هەیە کە تا ئێستا زۆر بە نەهامەتی دەژین وهیچ بە خێوکەرێکیان نیە.

١١- دروست کردنی چاودێری کۆمەڵایەتی وخانەی نەوجوانان تاوەکو ئەو منداڵانەی کە دایك وباوکیان لە دەست ئەدەن لەو شوێنانە سەرپەرشتی بکرێن.

# حکومەت تاوانبارە کە جاشەکان دادگایی ناکات



**ڕاپۆرتی سۆران مامەحەمە**

ئەو شاڵاوە بەرینەی ئەنفال بەتەنها بەسەربازەکانی سوپای عێراقی نەدەکرا، جاش وەك ڕێنیشاندەرو دەلیلی ئەوان ئەو کارەساتەیان دروستکرد.



مریەم ئەحمەد کەخۆی وهەشت منداڵو مێردەکەی ونزیکەی ٣٧٥ کەس لەگوندەکەیاندا ئەنفال کرابوون دەڵێت"بارق هات گرتمانی، بەڵام لەپێشدا جاش دەستنیشانی کردین"، ئەو چیرۆکی گرتنی خۆی وخانەوادەکەی دەگێڕێتەوە"لەتۆپزاوا کاتژمێر ١٢ی شەو بوو بانگی پیاوەکەمیان کردو کەلوپەلیان لەبەری داکەندو بەجامانەکەی خۆی چاو ودەستیان بەستەوەو بردیان دوای پێنج خولەك گوێم لەتەقەکان بوو کەکوشتیان"، ئەو باسی ئەوەیکرد کەلەوێدا ٣منداڵی لەبرسا مردوون"٣ لەمنداڵەکانم لەبرساندا مردن هیچ نەبوو بیخۆین"، منداڵێکیشی"زندۆقی چووە"و مریەمی ڕەشپۆش وای گێڕایەوە"کەباریانکردین لەزیلەکە عەسکەرێك کردی بەباڵ کورەکەمداو فڕێی دایە نێو سەیارەکەوە یەکسەر زندۆقی چوو وزاڵی تەقی زوخاوی لەدەم هاتەدەرەوەو مرد"، ئەو ژنەی کە٣منداڵەو مێردەکەی ئەنفال کراوە دەڵێت"تاکوئێستا هیچم بۆنەکراوە.



بۆمنداڵەکانیشم هیچ نەکراوە"، ئەو تەنها سەدام وعەرەبەکان بەتاوانبار نازانێت و پێی وایە"جاش نەخشەکەی کێشا، ئەوانیش بەشداربوون، ئێستاش کەدەچمە هەندێك دائیرە هەر جاشەکانن ماونەتەوە لەشوێنی خۆیان بەتایبەتی کەرکوك هەر دارودەستەکەی جارانە"، مریەم هەرگیز ئاسودەنابێت"بەحەزرەتەوەم ڕۆژێك ئاسودەبم، من ئێستاش کرێچیم وژیانم خۆش نییە ئیدی کەی ئاسودەبم".

ئەوان بەرەنگە تاریكو زەردەخەنە تەماوییەکانینەوە دەیانناسیتەوە، شەرمین کچێکی تەمەن ٢٢ساڵەیەو باوکی ومامی ئەنفالکراوەو باوکی بەبیر نایەتو بەهۆی نەبوونی وەژارییەوە خوێندنی بۆتەواو ناکرێتو خەڵکی ناوچەی زەنگنەیە، شەرمین دەڵێت"هەقە جاشەکانیش وەکو سەدام وعەلی کیمیاوی بەسزای خۆیان بگەیەندرێن ئەوانیش تاوانبارن"، کچەباوك ئەنفالکراوەکە کاتێك ئەو جاشانە دەبینێت هەست بەدڵتەنگی دەکات لەفەرمانگەو شوێنەکاندا"ئەوان دەستیان لەخوێنی باوکی من داهەبوو کەچی هەرئەوان لەفەرمانگەکاندا کارەکانی ئێمەیان بەدەستە".

ئەو چیرۆکی جاشێکی گێڕایەوە کەدەیناسێت و"ئێستا مەسئولەکان دەچنەماڵی وهەمان ئاغای جارانە بۆئەوانە بەسزای خۆیان ناگەیەنن" ئەو دەسەڵا بەتاوانبار ناو دەبات لەبێتاوانکردنی ئەو جاشانەدا"حکومەت باش دەیناسێت، حکومەت تاوانبارە کەجاشەکان دادگایی ناکات"، ژنێکی دیکەی ئەنفالکراو پێی خۆش نەبوو ناوی بهێنرێت لەبەرئەوەی"ئەوەندە لەراگەیاندنەوە قسەمکردوهیچمان بۆنەکرا زۆرکەس دەمناسن"، ئەو خەڵکی ناوچەی جەبارییەو مێردەکەی ومامی لەئەنفالدا تیاچووە وجاشەکان بەڕێنیشاندەری سوپای عێراق دەزانێت بۆگوندەکەیان"ئەو شوێنەی ئێمەی لێبووین لەنەخشەیشدا نەبوو ئەگەر جاش نەبوایە عەسکەرێکی بەسرا بەچی دەگەیشتە لای ئێمە"، ئەو ناوی موستەشارێك دێنێت کەدەستی


هەبووە لەئەنفالکردنی مێردەکەیدا"عەدەی عەبە جامیعە ناوچەی جەباری ئەنفال کرد، ئێستاش لەو ناوە دەسوڕێتەوە، دوای پرۆسەی ئازادی مەسئولەکانی یەکێتی هاتن دەعواتی بوون، لەجیاتی ئەوەی هەقی ئەو ئەنفالانەیان لێبکردایەوە"، عەدەی عەبە جامیعە، کەبەعەدنان جەباریش ناسراو نزیکەی ٧٠٠ کەسی ناوچەی جەباری ئەنفال دەکات وئێستاش لەنێوان سوریاو ئەردەن وعێراقدا دەسوڕێتەوە، ئەو ژنە دەڵێت"ویستم بچم شکاتی لێبکەم، بەڵام کەس هاوکاری نەکردم وباوەڕم بەحیزبەکان نییە کەئەوان بگرن، چونکە حیزبەکان هێلانەی جاشەکانن"، ئێمە دەبێت پشوو درێژبین بۆگوێگرتن لەچیرۆکی ژنە رەشپۆشەکانی ئەنفال.



کەهییە فەخرەدین خەڵکی ناوشوانەو مێردەکەی وچواربرای مێردەکەی لەلایەن جاشەکانەوە تەسلیم بەسوپای عێراق کراون"موستەشارێك ئێمەی گرت بەناوی فەتاح کتکەیی ودانەیەکی دیکەشی لەگەڵ بوو بەناوی عەبە کارەباچی"، عەبەکارەباچی لەژیاندا نەماوەو فەتاح کتکەیی، وەك وتی لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیدایە"لەناو یەکێتیدایە"، کەهییە لەگەرەکێکی کەرکوکدا کرێچییەو هیچ خزمەتێکی نەکراوەو پێی وایە حیزبەکوردییەکان دەتوانن ئەوان دادگایی بکەنو دەتوانن ئەوانیش بگرنە خۆیان، ئەو دەیەوێت"ئەو موستەشارانەی بەخۆشی دەسوڕێنەوە دادگایی بکرێن"، هەروەها دەیەوێت قەرەبووبکرێتەوەو خانووی پێبدرێت، ئەوەش دەڵێت"برینم قەت سارێژ نابێت نزیکەی ٧٠کەسم ئەنفالە برینی من بەچی سارێژ ببێت"، ئەو منداڵەکانیشی لەبەر دەستکورتی "یەك ڕۆژ نەیانخوێندووەو تاکوئێستا

هیچ لایەنێك لێی نەپرسیوینەتەوەو کەس‌وکاری ئەنفال لەرەوشی ژیانیان زۆر بێزارەو کەس نازیان هەڵناگرێت، جاشێك دەکوژرێت پارچەك زەوی وخانوویەکیشی دەدەنێ وموچەی باشیشی بۆدەردەهێنن بەڵام کەس‌وکاری ئەنفالیان پەراوێزخستووە".

کاروان عەلی لەساڵی ئەنفالدا لەدایکبووەو گوزەرانیان بەخراپ وەسف دەکات لەبەر ئەوەی"من خۆم کرێکاری دەکەم ودایکم نەنکم وباپیرم بەخێو دەکات لەماڵەوە، چونکە هەردووکیان کوێرن، تاکوئێستا هیچمان بۆنەکراوە"، ئەو بێهیوا لەحکومەتی عێراق کەخزمەتیان بۆبکات "حکومەتی خۆمان توانای هەیە دەبێت ئیدی خزمەتمان بکات"، ئەو تەنها ٢ مانگ بووە لەگەڵ دایك وباوك و٣مامیدا ئەنفال دەکرێت لەناوچەی قادرکەرەم، ئەو لەدەمی دایکییەوە دەگێڕێتەوە"دایکم واباسی دەکات کەهاتوونەتە سەر گوندەکەمان ٣ جاشیان لەگەڵ بووەو ئێستاش ماون ودەستیان دەڕوات، چۆن سەدام وئەوانی تر دادگایی کران جاشەکانیش دادگایی بکرێت".



ئەو کوڕە چاوەکانی پڕدەبێت لەفرمێسك"لەوە زیاتر قسەم بۆناکرێت هیچیان بۆنەکردووم، زەویمان وەرنەگرتووە تەجاوز کارێکی کردووە کەزەوی بۆپاشماوەکانی ئەنفال نەماوە"، ئەویش کرێچییەو داوا دەکات زەوییان بۆدابین بکرێت یان خانویان بۆدروست بکەن"من کرێکاری دەکەم ڕۆژانە بیست هەزارم دێت دە هەزاری دەکەم بەمەسرەف دە هەزارەکەی دیکەش بەشی کرێ خانوو ناکات، ئەی من گەنجم نابێت پێداویستییەکانی خۆم دابن بکەم".

دکتۆر مەلا سیروان لەسەر جاشەکان وئەو مەلایانەی فەتوای حەڵاڵکردنی ئەنفالی کوردیان داوە"ئەو کەسانەی فەتوای شەرعییان بەرژێمی بەعسی دیکتاتۆر داوە دینەکەی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، بۆمادە و نزیکبوونەوە بووە لەدەسەڵاتو بێبەرین لەدینو ئیسلام"، مەلا سیروان بەتوندی دژی ئەوە دەوەستێتەوە کەئەو جاش ومەلایانە ئێستاش لەنێو دەسەڵاتدان"ئەوە زیاتر خەڵکی نیگەران کردووەو بێزاربوون لەم دەسەڵاتە، ئەگەر بەدیلێك هەبێت خەڵك واز لەم دەسەڵاتە دەهێنێت وبەرامبەری شۆڕشو راپەڕین دەکات"، ئەو هۆکاری قسەکانی خۆی بۆئەوە گەراندەوە"کەسێك خوێنی کوردی بەحەڵاڵ دەزانی وملی کوردی دەکرد بەپەتا ئێستا لەدەسەڵاتدایە"، ئەو ئامۆژگاری دەسەڵات دەکات بەوەی"دەبێت

کارێك بکەن خەڵك لەخۆیان نەرەنجێنن"، ئەو درێژە بەقسەکانی دەدات"پۆست دەدەن بەخۆفرۆش وجاشەکان بۆئەوەی لێمان دلگران نەبن، ئەگەر قیادەی سیاسی لێیان خۆش بێت، ئەی جەماوەر، جەماوەر لێیان خۆش تابێت، جەماوەر ئەوانی گەیاند بەو شوێنە، سبەی جەماوە نەفرەت لەو هەڵوێستەیان دەکات".



مەلا کەرکوکییەکە هێمای بۆئەوەکرد کە"دین هیچی پێناکرێت بۆ پاشماوەکانی ئەتفال ، دین دەسەڵات نییە".

**ئەو کەسانەی فەتوای شەرعییان بەرژێمی بەعسی دیکتاتۆر داوە دینەکەی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە**

# چاك و کەرکووك

**عەلی مەحموود محەمەد**

لەگەڵ دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە، نووسینگەی کەرکووکی ناوەندی چاکیش دەست بە کارەکانی خۆی دەکات، کەرکووك شاری ئەنفالکردن و تەعریبکردن، خەون و هەژاری، ئاوات و ئامانج بۆ نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆنی، پێشێلی مافی دانیشتووانەکەی و کێشمەکێش و شەڕی نەتەوایەتی، هەموو ئەمانە پێویستیان بە ناوەندی چاکە لەم شارە ئازیزە، چونکە چاك بۆ کۆتایی پێهێنان بە هەموو ئەو ستەم تاوانانە و ژیانێکی نوێ و کامەرانی دامەزراوە و کاردەکات، پەیامەکانی چاك لە کەرکووك چاککردنی باری ژیان و کەموکوڕیکردن لە مافی قوربانیانە.

دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی ناوەندی چاك لە شاری کەرکووك، لە ڕۆژی ٤/١٤ سەلماندییەوە کەرکووك و چاك و ئەنفال جەستەیەکی پێکەوە گرێدراون، لە مڕۆوە دەڵێین لە خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و شیرینی، لەگەڵتانین کەرکووکییەکان.

کەرکووکییەکان چۆن یەکەم پەیامدەری ناساندنی ئەنفالبوون، یەکەم بانگەوازدەری مافی ئەنفالکراوان بوون، قوربانی دەست دێوەزمەی نەگریسی ئەنفال بوون، لە ئێستاوە دەڵێین لە خۆشی و ناخۆشی لە گەڵتانین.

# با ئاڵای ڕەش لەسەر ماڵەکانمان بەرز بکەینەوە

**ڕزگار حەمە**

لە مێژووی هەموو گەلێك کومەڵێك بۆنە و یادەوەریی هەیە، کە هەندێکیان بۆنەی ئازادی و سەرکەوتنی گەورەیە و هەیانە بۆنەی قڕکردن و لەناوبردنە, ئێمەش وەك گەلی کورد بە حوکمی مێژووی سەدان ساڵەی ڕابردوومان، کە بەردەوام لە سەنگەردا بووینە لەگەڵ دوژمنانی ئەم خاکە بۆنە ناخۆشەکانمان زۆرترن, لەهەر هەموویان ڕەشتر لە هەموویان ویژدان هەژێن تر و ڕق بوژێن تر تاوانی (ئەنفالە )، کە کورد لە سەردەمی سەفەوی و عوسمانییەوە ئەنفال دەکرێ, ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ لە هەمووی زیاتر گورچك بڕ تر بووە، بۆ گەلی کورد ئەم پرۆسەیە لەو ڕۆژەوەی دەستی پێ کردووە بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت , پرۆسەی تاوانی ئەنفال کاریگەری دەروونی زۆری هەبووە بۆ ئەوانەی لەسەردەمی پرۆسەکەیا ژیاون و ئەمەش بۆنەوەکانی دواتریش بەهەمان شێوە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەرونی زیاتریشی دەبێت, چونکە بوە بە کە لتوری نەتەوەی کورد , قوربانیانی ئەنفال بەتەنها هی حیزبێك و گروپێك و ناوچەیەکی دیاری کراو نیە , لەئەنفالکردنی برا فەیلیەکانەوە بیگرە, لەزاخۆوە تا خانەقین بە گەرمیان و کوێستانەوە ,هەموو چین و توێژو ئاین و هۆزو بنەماڵەیەکی گرتەوە ,کەسێك ماڵێك نیە یان نابینرێت خزمێك یان برایەك یان خوشکێك یان باوك دایك یان دۆستێك یان دراوسێیەکی بەرنەکەوتبێت , بۆیە ئەنفال هی هەموومانە ,بۆیە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو یادەوەریە تاڵە , بۆ ئەوەی هەموو ماڵ و خێزان و شوێنێك بەشداربن لەو یادەوەریە وەك چۆن ڕۆژی تایبەتی خۆی هەیە , پێشنیار دەکەم لە بەیانیی ئەو بۆنەیە هەر ماڵێکی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم سەر زەوییە هەیە , ئاڵایەکی ڕەش لەسەر ماڵ و دوکان و شوێنە گشتیەکان بەرز بکرێتەوەو هەڵبدرێت ,بۆ پیشاندان و ناساندنی ئەو تاوانە ڕەشە و یادکردنەوەی وەك ماتەمێك و ەدەستێکی نەتەوەیی .

# حەمەخورشید: ئەو عوسمان حاجی مەحموودە زاماربوو کردومەتە کۆڵ و بردومەتە باڵەخانەکە، قەلێکم بۆ سەربڕییە وتمە ئەم جەرگ قەلە بخۆی نامری ئێستا چومەتە لای ئەڵێ وەڵا ناوناسم!!!

ئا/ نوگرەسەلمان

کۆمەڵێك پیاوی بەتەمەن لەبن وشە کە لەکێکدا دانیشتبوون دەست بەجێ ئۆتۆمبێلەکەم راگرت، دوای سەلامکردن پرسیاری پاشماوەی ئەنفال یاخود کەسێك لەو دۆزەخەوە هاتبێتەوە لێکردن، حەمە خورشید حەمە ساڵح ئەمین کەلەساڵی١٩٣٦هاتۆتە ژیانەوە،رووی دەمی تێکردم وتی" من ..، من لەتۆپ زاوا هاتومەتەوە "، ئەمە ئەو پێشهاتە بوو کە هەرگیز چاوەڕێم نەدەکر..، حەمە خورشیدبەهۆی گۆچانەکەیەوە هەستایە سەر پێ و وتی پێشم کەون لەماڵەوە قسەتان بۆ دەکەم.

"حەمە خورشی کوێخا ساڵەحی دێی کچانی ناوچەی سەنگاو"، ١٠کەسی شیرینی لەپرۆسەی ئەنفالدا بێ سەرو شوێن دەبن، خێزانەکەی و٦کچ بەناوەکانی "حەلاوە، سوهەیلە، سێوە، هەنار، چنار، یەکێکیان لەنوگرەسەلمان لەدایك بووە وناوی نازانێ "، کورەکانی "ژینۆ، عەلی، سەنگەر، "و دوو کوڕی بۆدەمێنێ بەناوەکانی "حەمە ساڵەح وعەبوڵلا" جگە لەوەی تەنها لەدێیەکەیاندا٦١کەسی تر ئەنفال دەکرێن .. بەهەناسەیەکی سارد ودووچاوی پڕ لە ویقار وگریان وگومانەوە گۆچانەکەی خستە ژێر هەردوو دەستییەوەو هاتە گۆ.

***سەرەتا دەنگوباسی هاتنی سەربازو سوپای عێراقی چۆن بڵاوبووەتەوە؟**

–هاتن،لەبەسرە جوابیان بۆ ناردین کە جەیش دێت، کاتێکمانزانی جاش گەیشتە ئاواییەکە، ئێمە بەرەو ناو "رۆخایی" رۆیشتین، ئەو شەوە لە دێیەکەی خۆمانەوە چوینە دێی "سێ گومەتان"، لەسێ گومەتان ماڵمان پێ بوو لە مەکینەکەدا "تراکتۆر" گشتیمان جێ هێشت، ئینجا بەرەو "رۆخ زایی" رۆیشتین شەو چوینە "قەلاڕێویلە"، لە قەلاڕێویلە بەیانی ووتیان "شێخ تەیب"ها لە سەیتەرەکە ووتوویەتی هەرچ مەنتیقەی سەنگاو هەیە بێت، سەرۆك جاش بوو کە چووین لە سەیتەرەکە "بەکری حاجی مونیری تیلە کۆیی"بوو ئێمەی بەگشتی گرت! زۆربووین هەر ئێمە نەبووین، دەور ٢٠٠–٣٠٠ کەس ئەبووین، ئەو بردمانی بۆ لیواکە شێخ تەیب هات ووتی تۆ ئەمانە خزمە منن بۆ بردیانت بۆ لیواکە؟ ووتی وەڵا تازە ناویشیان نووسریاوە چارە ناکرێ، خێمەیەکیان بۆ هەڵدایین لە ساحەیەکدا چوار دەورمان تەلبەن کراو دەوری ٨٠٠–٩٠٠ کەسی تیابوو.

***لەکوێ خێمەکەیان بۆتان هەڵدا؟**

–لەپاڵ کەلاردا، لەبەین کەلارو مەجموعەکەی کەلاردا، لیواکەیان پێ ئەوت.

***سەرەتا جاش هات ئێوەی دەربەدەرکرد؟**

–جاش هات، دوایی جاش هاتبوو دێیەکەیان رووخاندبوو، خەبەریان داپێمان لەڕێو ووتیان دێیەکە تەخت بووە، لەکەلار تەقریبی ٤ رۆژ ئێمە لەو خێمەیەدابووین، نان و ئاویشمان نەبوو، شتیان لەماڵەکانەوە بۆ ئەهێناین ئەیاندا پێمان، ئێوارانێکی تەیارەی ئێران هات دای لە ئەو چوار رەبایەی "خاڵی چاودێری" چوار دەورمان عەسکەرەکانی کوشت، وە ١٠دەقە عەسکەر گەییەوە سەرمان، ئێمە لە تەلبەندابووین لەوێ دوای "٥"رۆژ باریانکردین هاورمانیان بۆ سلێمانی، لەسلێمانی "شێخ جەعفەر" ٣ ئامۆزای خۆی تیابوو گلی داونەتەوە.. ئامۆزاکانی خۆی گل دانەوە، کچی شێخ رەوفی کێلە بەرزەبوون یەکێکیان بووکی بوو دووانیان کچی بوو، ئەوانەی گلداوە ئێمەیان هێنا بۆ یاریگاکەی سلێمانی لە یاریگاکەی سلێمانی تۆزێك بردمانیانە ئەولاتر، حەوشەیەك بوو لەوێ ٣ رۆژ گرتمانیان، منداڵەکانمان هەر لە ئەمنەکە مابوون "ئەمنە سوورەکە، مۆزەخانەی نیشتمانی" هەرچی پیاوبوو هاوردبویان ٣٧ پیاوی تیابوو ٨٠٠ کەس گشتی ژن و منداڵ بوو، هاوردمانیان "٥"رۆژ لەوێ بووین، دوایی ئێمەیان هاوردەوە بۆ ئەمنەکە، لە ئەمنەکە لەگەڵ منداڵەکاندا باریانکردین بردیانینە "تۆپزاوا"، تۆپزاوای کەرکوك، لەتۆپزاوا ٣ رۆژ ماینەوە.. هەوەڵ رۆژیان نا، دووەم رۆژ ئەوەی وەك ئێمە وابوو دوو دوو باڵیان ئەبەستن، ژن بەجیا، منداڵ بەجیا.. نزیکی ٢٠هەزار کەس دەبووین، ئەوانەی لە ٤٠ ساڵ بە سەرەوەبوو دەیانبردن ئەوانەی لە ٤٠ساڵ بەخوارەوەبوون نەیانبردن، ئێمەیانکردە هۆدەیەکەوە "ژوور "١٠٠٣"کە تیابوو بەژمارە، دوای ٣ رۆژ ئەم "١٠٠٣"کەسە باریانکردین بۆ "نوگرە سەلمان" ئێمە نەمانزانی بۆ کوێیە.. بۆ نوگرە سەلمانە، ئیتر من ژن و منداڵ خۆم نەدی، لەویا بڕیانکردین لەیەك، ئێمەیان برد بۆ نوگرە سەلمان ئێوارە سەعات "٧"بوو باریانکردین، بەیانی سەعات "٦.٣٠"گەیانیانینە نوگرە سەلمان، شەو لە چۆڵێیەك هێشتمانیانەوە، ئەیان وت: ئەوەی گوی تێ، میزی تێ با لەناو سەیارەکە بیکەن مەمنوعە دابەزین! هەر لەویادا هێشتیانینەوە لەسەماوە لە چۆڵێیەك، چوار رۆژ بوو نانمان نەخوادبوو، بە زابتەکەم وت "سەیدی ئێمە چوار رۆژە نانمان نەخواردووە؟" ووتی "یەکی ٢ دینار بدەن خواردنتان بۆ تێرین، بەخوا یەکی ٢ دینارەکەیان لێ سەندین کە لەوێ دایان گرتین بەو زابتەی ترم ووت "سەیدی ئەمە یەکی دوو دیناری لێ سەندووین(٢٠٠٦)دیناری لێ سەندووین و هیچی نەداوە پێمان!" ووتی"چەپ،زماڵ"، وەێ زماڵێکشی پیا کێشام و هیچیتر، بردمانیان بۆ نوگرە مانگی رەمەزان بوو "٤"ی رەمەزان لە نوگرە سەلمان بووین دوای ئەوە، رۆژێك بەر لە جەژن وتیان وەرن خواردن وەرگرن خواردنی ٣ رۆژمان وەرگرت، لەدوای ئەوە کە خواردنی ٣ رۆژمان وەرگرت، دووەم رۆژەکەی جەژن مقاولەکە هات ووتی "بێشەرەفی–بێناموسی و ئەمانە– هەرچیمان پێبوو بردیان".!!

بەیانەکی یەکی ٣سەموونی ئەوەنەکەیان داپێمان رەنگە ١٠رۆژی پێ نەچووبێ شکێنەی مردنی تێکەوت، خواردنتان هەبوو؟

–نەبوو، هیچ نەبوو، رۆژی ئەو ٣سەمونەیاندەدا پێمان ئینجا ١٠رۆژی نەبرد ئاوەکەشیان لێمان بری ..، هەر حەفتەیە "عەجاج " لەوێ بوایە ئاوەکەی لێمان دەبڕی ئاوێکی شۆری پیس بوو، سەمونەکان هەرسێکیت دەخوارد، ئاوەکەت دەخوارد لەخوارەوە عەیب نەبێ داتدەنا.

***ئەو سەربازانەی لەوێ پاسەوان بوون چۆن بوون لەگەڵتان..؟**

–پۆلیسمان لەگەڵ بوو، پیاو حەق بڵێ پۆلیسەکان قسەیان نەدەکرد، فەقەت عەجاجێکما هەبوو مەسئولمان بوو، ئەوە کولی ئێوارەیەك ١٠–١٢کەسی لە ئەختیارەکانی دەردەکرد ئەیووت گۆرانی کوردیم بۆبڵێن یان هەڵپەرکێی کوردی..؟؟!، هەتا پێنج مانگ و١٧رۆژ ئێمە وشك ورەق بوینەتەوە ..، دوای ٤مانگ تێی کەوتن هەرچی زۆر زەعیف وشەل وکوێر وئەختیار هەبوو هاوردیانەوە..، مانگێگ دەنگ نەما، مانگ دوایی کازم لەوێ بوو هاتەوە ووتی محمد خورشید ووتم نعم سەیدی تۆزە تۆزە عەربیم دەزانی ووتی "ئیجاء أمر تترحون للشیمال"،وەرە یارمەتییەکمان بدە..، وتم ئێمە چیمان پێیە یارمەتی تۆ بدەین، بەخوا ١٧هەزاردینارم هەبوو لەپشت ژنەکەم وکچێکمدا بوو، یەك دینارم پێ نەبوو، چوم بۆلای حاجی رەفعەد ووتم مامە حاجی کازم چشتێ وای پێم ووتە وەرە شتێ بکە، وتم پارەت پێە وتی ئەرە وەڵا وەتم چشتێکمان بەرێ ئەڵێ ئێوە دەچنەوە بۆ شیمال، ١٠٠دیناری داپیم وتی بۆ هەردوکمان، کوڕێ ترم ئەناسی ئەویش ٥٠دیناری داپێم یەکێ تریش ٥٠ی داپێم، بۆیم برد ناوی ئەم ٤کەسەی نووسی، دوایی تێی کەوت ٦٠٠کەسی نوسی لەدوای ئێمەوە .. ئەو ئێوارە لەدوای پێنج مانگ و١٧رۆژ دەریانکرین بۆ حەوشەی نەقل، دوو رۆژ لەحەوشەی حەقلا ماینەوە بەبێ نان وبەبێ ئاو، ئێوارەیەك شورتەکان وتیان سەیارەتان بۆهات مونشەئە بوو، وتیان چلوچوار چلوچوار بچنە ناوێوە، ئەو زابتەی کەهات کۆمەڵێکی جیاکردەوە وتی ئەمانە هێشتا خوێنیان باشە بانەڕۆن، ئەو زابتەی پارەکەی خوار دەستی کردە ملی ودور کەوتنەوە و ئینجا ووتی"أربع وأربعین أرکب، أربع وأربعین أرکب"، سواریانکردین ئێمەیان هاوردەوە کەرکوك چەند رۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو هەربەرێوە ٣کەسمان مردن.

*** ئەی ئێوە لەنوگرە سەلمان وەك بزانی چەن کەستان لێ مرد؟**

–کورە لەچەند کەسا نەبوو بێ قەزابی، رۆژ واهەبوو ٣٠کەسمان لێ دەمرد، ئێوارانێکیان بەساڵەح ئەمین وشێخ رەشیدم ووت "بابچین بۆلای ئەم کابرایە بەشکم بمان کوژێ،!!" وتی هەرئەمان کوژێ، وتم دەمادام بابچین پێی بڵێین، چوین دامان لە قاپییەکەی من قسەم کرد وتم سەیدی "أحنا مسلم لو یهود".!! وتی "لا ألحمدالله أنت مسلم "، وتم سەیدی ئێمە مردو ئەبەین بۆ قەبرسانەکە وسەگ ئەیخوا ووتی درۆ ئەکەی وتم وەرە لەگەڵما ئێستا ژنێك ئەبەین بۆ قەورسان بزانە هەیە یا نییە؟ وەختێ هات سەگەکانی دی، عەجاج خۆی دانیشت تفەنگەکەی لەعەسکەرەکان سەند سیانیانی تۆپان، وە شورتەکەی تریشی وت ئەوەکان بتۆپێنن، ئیتر باش بوو مردێکانمان نەهاتنە دەشتەوە .

*** ژنیشتان لەگەڵ بوو لەوێ؟**

–زۆرتری ژن بوو لەگەڵمان ئێمە تەقریبی ٨هەزار کەس لەنوگرەسەلمان بوین ئەم ٨هەزارە ٥هەزار زیاتری ژن بوو.

*** ئەو مردووانەی لەئێوە دەمردن لەکوێ دەتان ناشت؟**

–هەر لەنزیك خۆمان.. قەورسانێك لەولاوە، هەبوو بە بەتانییەوە، هەبوو بەکەل پەلەکەی بەریەوە، هەبوو خامی دەس ئەکەوت، عەجاج بەپارە خامی ئەهاورد ئەیفرۆشت، ئەگەر خامەکەمان دەست بکەوتایە باشتر بوو، خۆشۆردنەوە نەبوو ئەمان ناوە تۆی خامەکە وتۆزێ چاڵمان دەکردو پاچ وخاکەنازیان ئەدا پێمان بە٤کەس هەڵمان ئەکەن ودامان ئەپۆشی، ئەو سەگانە دەریان ئەهێنا ئەیان خوارد،ئینجا لەدوای ئەوەی باریان کردین هاوردمانیانەوە بۆ تۆپ زاوا، فەقەت ئێمە رۆیشتین چۆڵەوانی بوو، ئێستا چوار دیواری سیاج کرابوو ئەوەنەی ئەم مەدینە شۆرشەی پشت جادە ئەبوو، لەوێ شەو ماینەوە .. شەو چوینەوە بۆلای وتی ئێستا خواردنتان بۆ ئەهێنم، بە خوا دەنکی بۆنەهاوردین، لەو ساحەیە بەڕەلایان کردین ، بەیانی سەعات ٧باریان کردین بۆسلێمانی، سعات ١١برمانیانە سلێمانی کە برمانیاننە سلێمانی، ئەهلی سلێمانی فریامان کەوت سەمون ونان وبسکیتیان بۆهێناین، لەمەلعەبەکەی سلیمانی وتیان ئەوەی کەلارە بچێتە ئەوێوە، ئەوەی چەمچەماله بچێتە ئەوێوە، ئەوەی بازیانە بچێتە ئەوێوە ..، ئێمە مەنتیقەی چەمچەمال پڕ ٧سەیارەبیمان،کە هاتین لەیرە من کورەگەورەکەم مابوو، "وتی باوە،بەخوا من نەمناسی.. وتی من حەمە ساڵەحم.. بوخوا نەمناسی "!!؟،(لەم کاتەدا چاوەکانی پربوون لەگریان وبە قورسی قسەکانی دەرکاند)،

*** لەسلێمانی کەستان نەبرایە ئەمنە سوورەکە بۆ لێدان؟**

–نا ..نەء، پێش ئەوە لەکچان بوین درام لەکارەبا لەسەنگاو، زەلامێك ئخباری کرد وتی ئەمە پێشمەرگەی داخلییە، "خەمیس" لەوێ بوو دامی لە کارەبا مەجۆل کەریم شەمسە بەردی دام، هەرچی گیانم هەبوو بەکارەبا سوتانیان، ١٨رۆژ نەمدەتوانی هەڵسمە سەرپا.

*** ئێوە لەناو خۆتاندا کەس هەبوو جاسوسی بکات بەسەر تانەوە؟**

–ئێمە لەناو خۆماندا دوو زەلام مابونەوە ببون بەجاش، ئەوە ئێخباری ئەکردین، یەکێکیان ئامۆزای خۆم بوو داوای چۆیلەی کچمی کرد نەم داپێی، چوو ئیخباریمی کرد وتی ئەوە پێشمەرگەی داخلییە،منیان گرت بردمیان عەجاج هەرکوشتمی هەردوو پەنجە کەڵەمی ئاوا بەستبۆیەوە دوو کارەبای لێ ئەدا ئەکەوتم وەختی وە هۆش خۆم ئەهاتمەوە لە گشت گیانم خوێن ئەهاتە خوارەوە بەس لەسەرمیان نەدابوو، هەرچی گیانم هەیە کوتابویان، لەدوای ١٠رۆژ باڵیان دەگرتم هەڵیان ئەسانم، ئیسە ئەو شەلینەم هی ئەم کارەبایە کە بەراڵایانکردین، هیچم نەبوو، کچێکی ئەو ژنەم هێناوە ئەویش پیاوەکەی ئەنفالە بەخوا ئەوان بەخێوم دەکەن منالێشم نییە، ئیستە بەس خۆم ماومەتەوە هەردوو کورەکەم ژنیان هێناوە ولەمن جیابونەتەوە،

کەئێوە دەستگیر کران قەت نەتان پرسیوە لەسەر چی دەسگیریان کردوون لەوسەربازو پۆلیسانە؟

–پۆلیسی واهەبوو دەهاتە ناومان دەیوت "خوا ئەوە بگرێ وائێوەی والێکردووە، سەبەب ئەوەیە پاڵتان نەداوەتە سەدامەوە بۆیە وای لێکردوون ".

***ئەی ژن وماڵومناڵەکان بۆ؟**

–مامۆستا ئێمە ئەوان نەهاتنایە قسەبکەن ئێمە نەمان ئەوێرا قسەیان لەگەڵ بکەین، کە ئەیوت "چەپ زماڵ، أمشی "، نەمانئەوێرا بچینە دەوریانا، کولی ئێوارەیەك عەسرەکە ئەمانیان کردە ژوێرەوە ،١٥کەس ٢٠کەس بەری ئەگرت ئەیوت یەڵا گۆرانی وهەڵپەرکێی کوردی، ئێمە لەکوێ ئەزانین گورانی بڵێین . توانامان ماوە هەڵپەرین؟، بەقورئانی عەزیم ئەی پلکانین بەو قورو خۆڵ وپیسایییەوە کە پاشماوەی خۆمان بوو، ئاودەسەکانیان زێرابی نەبوو دوو رۆژ جارێك بەخۆمانیان پاکدەکردەوە، عقوبەی ئەوەمانی ئەدا کەئەمان ووت گۆرانی نازانین وهەڵپەرکێ نازانین

*** بەئەنقەست کەسیان لێتان نەدەکوشت؟**

– بەئەنقەستە نەء،بەس لەبرسا کوشتمانیان !!!

*** ئەی ئەو پۆلیسانەی لەوێ بوون نەتان دەبیست یان نەتان دەبینی دەست درێژی بکەنە سەر ئەو ژن و کچانە؟**

–نەمان دەبینی، عافرەتەکانی واگەنجی تیا نەبوو، هەرچی گەنج بوو نەیان هاوردبوو لەگەڵ ئێمە،گەنجەکانیان لەتۆپ زاوا جیا کردەوە.

*** نەتان زانی بۆکوێیان بردن؟**

– دوای ئێمە وەجبەیەك هات خەڵکی "کرپچنە"ی تیا بوو، حاجی ساڵەح وتی کا حەمە خورشی من یەکێك لەو کچانەی تۆم دی لەگەڵ ئەوتاقمە کچانەی ئێمەدا بووە هاتینەتە سەماوە ئەوانیان واوە بردووە ئێمەیان بۆئێرە هاوردە، لەسەماوە کچیەکەت وژنەکەم ناسییە بەرەو خوار بردییانە .



*** ئێوە کەلەوێ زیندان بوون بۆماوەی زیاتر لە٥مانگ، هیچ هەواڵێکی کوردستانتان پێ نەدەگەیشت؟**

–هیچمان نەئەزانی ئەبەد..، یەك سەیارەیەکمان دی سەیارەی ئەهلی بوو دایە بەر قاپییەکەدا ،یەکسەر تێیان خوڕی وگەراندیانە دواوە ئەویش بۆ دەنگوباس هاتبوو، ئیتر یەك کەسێك نەهاتەت ناومان بڵێ ئایا چۆنن؟ چۆن نین؟ئەو ٦٠٠کەسەیش کەپێش وەجبەکەی ئێمە هاتن شورتەکان ئەیان وت"ئەیان بەن ئەیانکەنە ناو بەحرەوە ئەیان وت ئاوهایان لێ ئەکەن ".

*** کە لەسلیمانی هاتنەوە یەکسەر بۆ چەمچەماڵ هاتنەوە؟**

ماڵی براکانم لەچەمچەماڵ بوو، لەماڵی ئەوان بووم تا تەقریبی ٤مانگ، دوای ٤مانگ ژنم بۆ کورە گەورەکەم هاورد، من وئەو کورەی ترم ماینەوە، توانای ئیشکردنم نەمابوو، مەگەر کەسوکار یان دۆست وبرادەر پارەیان بۆ ئەهاوردم،تا وردە وردە ژنم بۆ خۆیشم هاورد بۆ ئەو کورەکەمیش زەکاتیشم وەرنەئەگرت خۆم توانای ئیشم نییە ئیستە لەماڵی غەزورمام ئەم کورانەیان بە خاوەنم ئەکەن.

*** ئەوکاتەی کەهاتنەوە هیچ رێکخراوو حیزبێك یارمەتی نەدانە؟**

– ئەبەد .؟!!، نەوەڵا هاوکارمیان نەکرد .!!

*** هیچ هەلوێستیان نەبووە بەرامبەرتان؟**

–من خۆم ئەنجومەنی دێکە بووم، مامۆستا کاوە هەبوو، کادرمان بوو، لێپرسراوی دێکە بووم لەگەڵ ئەوانا بووم بەخوا یەکێکیان نەهاتن بڵێن کاحەمە خورشید تۆ چیت پێویستە ئێمە یارمەتی تۆ بدەین؟، خۆ حکومەتی تیانەمابوو.. پرسیاریان لێ نەکردووین .

*** ئێستا ئەو کەسانەی کە لادێ خزمەتیانتان کردووە وماون ولە دەسەڵاتدان قەت ناچن بۆلایان بڵێن ئێمە خزمەتی ئێوە مانکردووە ئێوەش خزمەتمان بکەن؟**

– بچم بۆلای کێ ..؟!!، سەرۆکی حکومەتەکەمان عومەرفەتاح نییە؟

*** بەڵێ**

–بەقورعان کافییە سلێمان لەگەڵ مندا دایکمان خوشکە، هێشتا ئەو عومەر فەتاحە نەهاتووە بەلای مندا بڵێ چیت پێویستە، چیت پێویست نییە بۆتی بکەم، ئیتر بچم بۆلای کێ؟

*** لەدوای ئەوەی ژن وماڵت پێکەوەنا پێت وایە حکومەتی هەرێم دەتوانێ کارتان بۆبکات و خۆی نایکات؟**

– من منالەکانم ئەنفال بووە بەس دایکەکەیانیان نوسییە (واتە لە١٠کەسی ئەنفالکراو تەنها یەك کەس موچەی ئەنفالانەی بۆکراوە)، هەندێ عەرزیان بۆمان نوسییە ئیستەیش نازانین لەکوێیە وتیانە ئەتان دەینێ، ئەلەو وەختە رەهن رەهنەکە بوو (کاتی دەنگدانەکە)، لەکاتی دەنگدانەکە وتیان عەرزتان ئەدەیتێ ..عەرزتان ئەدەینێ،دوو سێ رۆژ پارچە وەرەقەیەکیان داپێمان وتیان ئەوە تاپۆی عەرزەکانە ئێ کوا هیچمان نەدییە و وەرمان نەگرتووە !!!

*** پێت وایە وەری دەگرن یان هەر بەدەمە؟**

– وەڵا من بەتامەم بۆم بکەن بەخانوو ئینجا نازانم راستە یان درۆیە .

*** ئێوە لە عایلەکەی خۆتاندا ١٠کەستان ئەنفالە چەند موچەیان بۆتان بڕوەتەوە؟**

– بەس دایکم موچەی بۆکراوە

*** هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ حکومەت کەمتەرخەمە یان خۆیان ئەیخۆن؟**

–وەڵا نازانم ..!، مەبستیان چییە؟ بۆیارمەتی ئەو خەڵکە نادەن؟،.. سوئال لەمام رۆستەم بکە، لە مستەفا چاو رەش ..من دوو دیوە خانم هەبوو یەکێکی هەرهی پێشمەرگە بوو.، فەرموو یەکێکیان نایەن بڵێن حەمە خورشی کوێخا ساڵەح تۆ ئەوجا لەگەڵ ئیمەدا بوی .؟ شەوی واهەبوو ٣مەکینەیان پێ پەیا ئەکردم، یەکێکیان سەریان لێم نەداوە؟!!

*** یەعنی ئەوان گۆڕاون گەیشتون بەنانی خۆیان؟**

– ئەرە وەڵا.. ئەوان هاتنەوە یەکی دارێکیان بەدەستەوە بوو ئیستا گشتی بۆتە خاوەن قەسرو قسور،ئایا ئەمە هی کێیە هی ئەم میللەتەنیە؟ ئەم میللەتە قوڕ بەسەرە بەنان ئەوانەیان بەخێوکرد بەنانە رەق ..، ئەو عومەرفەتاحە لە قۆپی قەراخ بوو جوابی ئەنارد بیکا لەرێی خوا بەیانی میوانم تێ فریامکەوێ قەلێکم بۆ بێرێ !!!، شەو قەلەکەم بۆی ئەبرد، ئەو عوسمان حاجی مەحموەە زاماربوو بەدوو گوللەوە، بۆیە وادەڵێم بەشکم گوێی لێ بێت پێی بڵێی، کردومەتە کۆڵ وبردمەتە باڵە خانەکە، قەلێکم بۆ سەربڕییە وتمە ئەم جەرگ قەلە بخۆی نامری جەرگ قەلەکەی خوارد جاوی قوتی دا، وتم هەر زامارێ گۆشت بخوات نامرێ، گۆشەکەی قودا وتم ئیتر نامری وتی تۆبڵێی نەمرم؟ وتم بەقورئان نامری بەیانیش بارم کردە لە مەکینە بردومە هەتا قەراخ لەگەڵیا چووم،چومەتە لای ئەڵێ وەڵا ناوناسم.!!!

*** لەدوای ئەو هەمووشتەی کەبۆت کرد؟**

– ئەرێ بەخوا لەدوای ئەم وەزعەی کەئیستا بۆتۆی ئەگێرمەوە.!!

*** ئیستا پەشیمان نیت لەو شتانەی کەکردووتن؟**

– بەرەوەڵا ئەوەنە پەشیمانم. خۆزگە لەوێدا خۆمیشیان بکوشتایە،ئەم وەزعانەم نەدیبایە بەم نەوعە

*** باسی موستەشارتکرد، ناوی چەند کەسێکت هێنا ئەوانە ئیستا ماون؟**

– ئەوە شێخ تەیبە کوێرە،ها لە سلێمانی نزیك مزگەوتی سێخ فەرید، خانووەکەی ١١لۆری بەرە ژێریەوە، ٢٠قەمەرە ئەگرێ هەر ژێرخانی خانووەکەی، ئەوەی ئێمەی گرت بەکر حاجی موشیر تیلەکۆیە ئیستە یەکەم کاربەدەستە لە کەلارا.

# هەوڵێك بۆ تواندنەوەی چیا

تاریق کارێزی

هەر کەسێ بڕوانێتە جوگرافیای کوردستان، بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە کورد و چیا پێکەوە بەندن. کورد زۆر شەیدای نیشتیمانی خۆیەتی، هەر بۆیە دەست لە چیا بەر نادات.

زێدەڕۆییەك لەوەدا نییە، کە چیا نەیهێشتووە کورد وەك نەتەوەیەك، ڕەش ڕابێت و مەحف بێتەوە. هەڵبەت چیاکانی کوردستان ژینگەیەکی لەبار بوون بۆ ژیان و گوزەران. بە درێژایی مێژوو کورد توانیویەتی لەم ژینگەیەدا، ژیانی خۆی لە ئاستێکی باشی خۆبژێویدا ڕابگرێت. عەرەب و تورك دوو نەتەوەن، بە ئاسانی و پەیتا پەیتا ژینگە و زێدی خۆیان بەرەو شوێنانی چاکتر جێ هێشتووە. هەر بۆیە دەبینین ئەم دوو نەتەوەیە بە جوگرافیا و ڕووبەرێکی فراواندا بڵاو بوونەتەوە. کورد و چیا هەردەم عاشق و شەیدای یەك بوون. دەستیان لە ژووانی یەك بەر نەداوە. ئیدی بەم جۆرە جوگرافیای کوردستان یان نەگۆڕاوە، یان بڕێ جار لە کورتیی داوە.

پاش ململانێیەکی سەخت، دەوڵەتی عێراق و سەرانی ناسیۆنال نەژادپەرستی بەعس دەگەنە ئەو بڕوایەی، کە تەنیا دەرفەتێك بۆ نەهێشتنی کورد و لە ڕەگەوە دەرهێنانی، ئەوەیە کە ئەو نەتەوەیە لە چیا جیا بکرێتەوە. ئەو قسەیەی عەلی کیمیاوی لە سەروبەندی شاڵاوەکانی ئەنفالدا گوتی :"عەرەبی خوێن شیرین بۆ چیا دێنین"، گەواهییەکی ڕوون و ئاشکرایە، کە دەوڵەتی عێراق ویستوویەتی شاڵاوی ئەنفال بکاتە دەسپێکی پرۆسەیەك بۆ لە یەك دابڕینی کورد و چیا و سەرخستنی بەرنامەی جینۆساید کردنی کورد.

گەلێ نەتەوە (ئێمە ئاماژەمان بە عەرەب و تورك کرد) توانیویانە بوونی نەتەوەیی خۆیان بەرەو یجوگرافیای زۆر دوور لە زێد و نیشتیمانی ڕەسەنی خۆیان بگوازنەوە. کورد ئەم کارەی بۆ نەچووەتە سەر، هەر بۆیە کاتێ ئەیووبی و شەددادی و حەسنەوی لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان، دەوڵەت و دەسەڵات دادەمەزرێنن، کورد خاوەنداری لەو جوگرافیایەی دەرەوەی نیشتیمانی خۆی ناکات. سەرەنجام لەو جوگرافیایەی دەرەوەی کوردستاندا کورد هەر تەنیا ناوو دەنگی دەمێنێ.


مێژووی چەند هەزار ساڵی ڕابردووی کوردستان ساغی دەکاتەوە، کە کوردستان بۆ پاراستنی و مانەوەی نەتەوەییانەی کورد قەڵایەکی سەرسوڕهێنەر بووە. داگیرکەران هەرچەندی کە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازیشدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بێت، بەڵام بۆیان نەچووەتە سەر ببنە دەسەڵاتداری ڕاستەقینە و قسە ڕۆیشتووی وڵاتەکە.

دەوڵەتی بەعس لە سەردەمی سەدام حوسێندا، کە هەردەم فرمێسکی بۆ ئەندەلووسی لە دەست چوو دەباراند، پلانی دارشت بوو، کە نەك هەر ببێتە دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی کوردستان (هەڵبەت مەبەستمان باشووری ژێر دەستی ئەو ڕژێمەیە)، بەڵکو دەیویست مۆرك و ناسنامەی عەرەبی و عەرەبایەتی بەسەر ئەم بەشەی کوردستاندا بسەپێنێ. ئیدی سەیر نییە کە ڕەحیماوا (گەڕەکێکە لە باکووری کەرکووك) بکاتە ئەندەلووس، هەروەها لە درێژەی شاڵاوی بە عەرەب کردنی کوردستاندا، ریزە گوندێکی لە ڕێی کەرکووك – پردێ بۆ عەرەبی هاوردە دروست کرد، ناوەکانیش بەم جۆرە ریزبەند کرا بوون ( الفداء ، القائد، الصمود، الشهادة، الثغرة). ئەم ناوانە بە کوردی دەکرێ بەم جۆرە بن (قوربانی، سەرکردە، خۆڕاگری، شەهید بوون، سەنگەری بەرەو ڕووی کافران ).

ناوی ئەم گوندانە کە لە دارەمانەوە دەستیان پێ دەکرد و لە هەردوو گوندی گەلۆزی و کتکە کۆتاییان دەهات، کۆدێکە لە کۆدەکانی ئایدیۆلۆژیای بەعس بەرامبەر بە کورد. هەروەها کۆدێك بوون بۆ بیری نەژادپەرستانەی نەهێشتن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد. شاڵاوەکانی ئەنفال، کە لاپەڕەکانی (کوردی فەیلی، بارزانییەکان، هەڵەبجە، هەشت قۆناغەکەی ١٩٨٨) هەڵدرانەوە، پرۆسەیەکی تراژیدی بوو، بۆ ڕیشەکێش کردنی نەتەوەیەکی شکۆمەند.

هەڵبەت ئەم لاپەڕانەی ئەنفال تەنیا پەردەیەکن لە مێژووی فرە سامناکی نەتەوەیەك کە بە چیاوە ماوە. چیا مێرگ و پەرژینێك بوو، بۆ پاراستنی کولتوور و زمان و کەینوونەی نەتەوەیەکی شەرافەتمەند.

نەتەوەیەکی لێبوردە و مرۆڤ دۆست. بەعسیش وەك گەلێ ڕژێمی دی لە دابڕینی کورد و چیا نوشوستی هێنا، بەڵام پێ دەچێ تا سەردەمانێکی دوور ئاسەواری شاڵاوەکانی بەعس بە جەستەو ڕۆحی کوردەوە بمێنێ. بە جۆرێك لە جۆرەکانی نەخشەی ژیانی کوردی بە ئاراستەیەکی سامناکدا گۆڕی. هەلومەرجی نێودەوڵەتی و راپەڕینی ١٩٩١، زریانێك بوو ئاوی بە ئاگری ئەنفالی بەعسدا کرد، لە بیریشمان نەچێت ئەنفال خۆڵەمێش و سووتوویەکی زۆری لە دوای خۆی جێ هێشتووە.



فۆتۆ: سۆران مامە حەمە

# ئەنفالچییانی پێشان و نەوەکانی ئێستەیان

حەمەسەعید زەنگنە

ڕۆژی ٤/١٤ بیست ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر قڕکردن و ئەنفال و جینۆساید کردنی گەلێك و سوتماك کردنی زەوی و خاکێك بە سەوزایی و شێواندنی ژینگەی نیشتمانێك، کە لە بەهەشتی نێو کتێبە ئاسمانییەکان دڵگیرتر و پاکژتر و نازدارتر، گەلێك کە چەندین جاری دی لەلایەن هەمان نەتەوە و هەمان ئایین و ئولەوە هەوڵی چەوساندنەوە و تواندنەوە و نەمانی دراوە. هەر جارە و بە هەنجەتێك گەورەترین ماڵوێرانی و تراژیدیایی بەسەرهاتووە. جارەك لە سۆنگەی ناخودایی و بێباوەڕی و ئاگر پەرستییەوە، کەڕەتێك بە بیانووی بێ مروەتی و یاخیبوون و سەرکێشی و.. هتد. هەمان تێکستی بەر لە سەدان ساڵ ڕەوایی بە ئەنفال کردنی کوردان دا، کەڕەتێکی دیکەو لەبەر ڕووناهی و بە پاڵپشتی هەمان دەق و هەمان نەتەوە و ئایین و ئایینزا بە سەدان لە تاکەکانی ئەم گەلە بێنەوایەی بە پیر و میانەساڵ و لاو و مێردمناڵ و پیرەژن و قەیرەکچ و شۆخە کیژ و مناڵی پیرۆکە و زارۆکی بەرمەمکەی پەلکێشی ئەوکی ئاشی نەوەی ئەنفالچییانی پێش فرە زێتر لە هەزاران ساڵ کرد.

کەچی هەوکەش بەڕێز و حورمەتەوە یادی ئەو تاوانبار و ئەنفالچییانە دەکەینەوە و سەری ڕێز و نەوازشیان لۆ دادەخەین و تا وێستاکەش کە نێویان پەردەی گوێکانمان دەلێرننەوە لە هارژنی گریان دەدەین و دییەکانمان دەبن بە زەنە و فرمێسکەکانمان گۆناکانمان تەڕ دەکەن و دروود بۆ گیانی چڵێسی و چاوچنۆکی و نەتەوەپەرستی و ئایین پەروەریان هەواڵە دەکەین. میللەتێکین کاڵفام و خۆشباوەڕ و هەردەم لە خشتەبردوو، گەلێکین تا نهۆش، چاك لە خراو، نەفرەت لە





فەڕ، پاك لە پیس، دڵسۆز لە بێبەینەت، خۆفرۆش لە شۆڕشگێڕ، پاکیزە لە گەندەڵکار، خەباتگێڕ لە خودان فایل جیاناکەینەوە. ئێمەی کەمزان و نەخوێنەوار، کاڵفام و کۆڵەوار، نەبوو و کەمدەرامەت، زۆڕناژەنی حیزب و ڕۆشنبیری گوێڕایەڵ، هەمیشە زۆرێك لە دەمسپی و دەمڕاست و چاوساخ و خۆنەوار و ئایین یار و گۆڕەکەکانمان لە ئاست ئێمە گەورە و لەهەمبەر ناحەز و نەیار و دوژمنە سەرسەختەکانی میللەتەکەمان بۆ سوود و کەڵکی ماددی خۆیان و بۆ قازانج و بەرژەوەندی نەوە و توتکە سەگەکانیان ئێمەیان فریوداوە و ڕیسەکەیان لێکردووینەتەوە بە خوری و نەیانهێڵاوە ڕەوڕەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان جارەك بە سوود و قازانجی ئەو میللەتە بچەرخێت و ئاهێکمان پیادا بێتەوە شادییەکمان تێدا وەرگەڕێ و ئۆخژنێکمان وێکەوێت. ئەوان بە درێژایی مێژوو بەربەست و پەیمان لەمپەڕ بوون هەر خۆشیان بڕیاربەدەست و خودان گوتار بوون و خۆڵیان لە جێگەی کل لە چاوی ئەو میللەتە ناوە. نموونەشیان زۆرن، ئێستەش دەستەیەك لە جەللاد خێوی بڕیار و پاڵەوانی ئەنفال چون: عەلی کیمیاوی و سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید، کە یاسا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندوون و پێویستە لەسێدارە بدرێن و زوڵم و زۆر و تاوانەکانیان بکرێن بەڵگە و دیکۆمێنت و کۆمایەکی دی داواکراون لەلایەن دادگاوە، کە بدرێن بە دادگا. کەچی هەر خۆمان دەبین بە ڕێگر و بەربەست و بەرگری لە تاوان و گوناهەکانیان دەکەین و ناهێڵین بەر نەفرەتی ڕۆژگار و مێژوو بکەون.

# یاسای بێ یاسا



جەلیل محەمەد شەریف

کاتێ مێروولە ڕەشەکان لە شارەکەی خۆیانەوە بەرەو ژوور هەڵمەتیان هێنا لەوکاتەی قەدەر چاوی چووبووە خەو، ئا لەوکاتە نەفرەت لێکراوەدا توانییان شاری مێروولە گەنم ڕەنگەکان داگیر بکەن. پێش ئەوەی هەڵمەتەکە دەست بە جوولە بکات سەرکردە و شایەکەیان بە دەنگێکی کەرخەوە وتارێکی ئاراستەی لەشکرەکەی کرد، بڕ بوو لە ئامۆژگاری. گوایە ئەو ئامۆژکارییانە بە نامە لە پەڕەی هەورەوە پێی گەییوە. ئامۆژگارییەکان بە دێباجەیەك چوارچێوە کرا بوون، بە قەڵەمێکی ژەهراوی نووسرابۆوە تێیدا ئەو پرەنسیپە وێنە کێشرا بوو، کە دەڵێ:"ئێمە لە هەموو زیندەوەرەکانی بان و بنی گۆی زەوی پیرۆزترین، مافی ئەوەمان هەیە، کە بە کەڵبە شمشێر ئاساکانمان، سەر لەشی ئەو گەنم ڕەنگانە بکەینەوە، یان زیندەبەچاڵیان بکەین، یان بیانکەین بە تیکەیەك بەر دڵمان بگرێ و ببێتە مایەی نەمری و بەردەوام بوونمان. ئەمە مافێکی سروشتی خۆمانە یاسای زۆرانبازی ڕێگەی پێداوین". ماڤ خۆمانە خەڵکانی تر بکەینە کۆیلەی خۆمان، چونکە لە خۆشی ئێمەدا چەرخی جیهان دروست کراوە و لە گەڕان ناوەستێ..بڕۆن شارەکەیان خاپوور بکەن، شالوورەکانیان لاڵکەن، ماڵەکانیان بکەنە هیلانەی کوندەپەپوو. ئەوی ڕاستی بێ کاتێ ئەوان دەبنە خۆراکی ئێمە، دەبێ شانازی پێوە بکەن و دڵیان پێ خۆش بێ، چونکە دەچنە گیانێکی پیرۆز و خوێنێکی پاکەوە...).

لە کاتی بیستنی ئەم وتارەدا مێروولە ڕەشەکان ددانەکانی خۆیان تیژ دەکرد و لیکاو بە دەمیاندا دەهاتە خوارێ، هەندێکیان بیریان لای ئەوە بوو، کە شایەکەیان باسی لە مافی ئەوەشیان بکردبایە، کە ڕێگەیان بۆ خۆشکا، کە حەزە نهێنییەکانیانیش دابین بکەن..! سەرکردەکەیان لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا بە دەنگێکی تووڕە و بڵندتر خوڕی بەسەریاندا: (ئێمە

سات بە سات ورەی سەربازەکانی بڵندتر دەکردەوە و بە جۆرێك ڕستەکانی لە مێشکیاندا وەك واتایەکی حاشا هەڵنەگر چەقین بە جۆرێك باوەڕیان گەیشتە ئەوەی کە ئەگەر ئەم ئامۆژگارییانە پەیڕەو نەکەن، ئەهریمەنەکەیان بەرد دەبارێنێتە سەریاندا. دوا بڕگەی وتارەکەی ئەوەبوو، کە دەبێ ناوی شاری گەنم ڕەنگەکانیش بگۆڕین:

– ناوی بنێن چی؟!

– لە (کوردستان)ەوە بۆ (ئەنفالستان)..!!

# لە یادی 20 ساڵەی ئەنفالدا ناڕەوایی و سووکایەتییەکان ڕیسوا دەکەین

لە ١٤ ی ئەپریلدا ٢٠ ساڵ بەسەر تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال تێدەپەڕێت، کەچی بەداخەوە ئەرك و پێداویستییەکان کە پەیوەندییان بە پرسی ژینۆسایدی ئەنفالەوە هەیە جێگەی نیگەرانی و بێزاری زۆرن. ئەو شتەکەمانەی تا ئێستا کراون زۆر نزمترن لە ئاستی پێویست، گەلێ پرسی گرنگ لەبیرکراون و جگەلەوەی سووکایەتی و پیشێلکاری ناوبەناو روودەدەن. کەسوکاری قوربانییان و پێداویستییە هەنووکەییەکانیان، باشترکردنی ژیانیان و پێویستبوونی قەرەبووی فرەلایەن هیچی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. بڕیار و بەڵێنەکانی کۆنفرانسەکانی حکومەتی هەرێم تا ئێستا لە هاش و هوش تێنەپەڕیوون. زۆربەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە بیابانی عێراقی عەرەبیدا بێخاوەن و بێناز کەوتوون، کەسوکاریان لە چاوەڕوانی خۆشەویستانیاندا بێ ئومێد کەوتوون و بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێم لە لە قسەکردن تێنەپەڕیوون. ئەنفالکراوە بێسەروشوێنەکان لە وڵاتانی عەرەبی کەس نەبۆتە خاوەنیان، دەسەڵاتی کوردی جگەلە پاسیڤی، لایەنگری لە هەڵوێستی وڵاتە عەرەبییەکان دەکات، بۆ نموونەسەبارەت بە کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکان بە میسر، نوێنەری کورد لە میسر وەکو میسریەکان بەبێ بوونی لێکۆڵینەوەی گونجاو بوونی کچی فرۆشراوی ئەنفالکراوی لە میسر ڕەتکردەوە. ڕێگەدان بە هاتنی تاریق هاشمی بۆ هەڵەبجە و داواکردنی ئازادکردنی سوڵتان هاشم یەکێ لە تاوانبارە سەرەکییەکانی ژینۆسایدی ئەنفال، ڕاستەوخۆ سووکایەتی بوو بە قوربانییانی ژینۆساید کرا. بەکارهێنانی بەسەدان تەرمی ئەنفالەکان بۆ بەرژەوەندی ڕامیاریی عێراقچییانەی دەسەڵاتی کوردی بازرگانییەکی دیکەبوو بە قوربانیان کرا. دانی کەیسی ژینۆسایدی ئەنفال بە دادگایەکی عێراقی عەرەبی ناسەربەخۆ و لایەنگیر و بێتوانا ناڕەوایەتییەکی مێژوویبە بەرامبەر بە قوربانییان، بەتایبەتی و نەتەوەی کورد بەگشتی کرا. دادگای عەرەبی عێراقی کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستان نایەتەوە و لایەنگیرە، قانونەکەی بەپێی پرۆسەی ڕامیاری دروستکردنەوەی عێراق سنووری بۆ داندرا و بەرژەوەندی قوربانییان پشتگوێ خرا، کۆمەڵێ قانونی عێراقی ناگونجاوی گرتەخۆی، بەعەرەبکردنی نەکردە تاوانێکی دیاریکراو، بەزمانی عەرەبی بەڕێوەچوو، دادوەری عەرەب بۆ ئەنفال داندران، کۆمپانیا کیمیاوییەکان و بازرگانە ناعێراقییەکان لە دادگاییکردن پارێزران، هەروەکو لە ساڵی ١٩٩٣ دا ڕژێمی عێراق و UN لەسەر دادگایی نەکردنی ئەو کۆمپانیایانە ڕێککەوتبوون. سکاڵاکاران و دیتەران زۆریان ڕێگەی بەشداریان نەدرایە و جوداکاریان بەرامبەر کرا. تاوانباران زۆربەیان پەنادران، پارێزران و نەدرانە دادگا. بەرپرسانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جیاتی بەتەنگەوەچوونی کەیسی ئەنفال و دادگاییکردنی تاوانباران بە هەموو جۆرەکانیەوە، هەڵسان بە پاراستنی هەموو جاشە تاوانبارەکان، پاکانەکردن بۆ تاوانبارانی وەکو وەفیق سامەرایی، نەزار خەزرەجی، سوڵتان هاشم و هی دیکە. ئێستاش بەرپرسانی کورد لە گەورەترین سکەندالی دەستێوەردان لە دادگادا بەپێی بەڵگەکان بەشدارن. ئەوە جگەلەوەی جیا لە هەموو نەتەوە ژینۆسایدکراوەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان نە دادگایەکی بۆ دادگایی تاوانباران لە کوردستاندا هەیە، نە لە پلانی دایە کارێکی ئەوها بە سیستەمی دادوەری لە کوردستاندا بسپێرێت.

وەکو بیندرا لەگەڵ دەستپێکردنی دادگایی دۆسیەی ئەنفالدا ئەمەریکاییەکان و دەسەڵاتدارانی عێراقی ناوبەناو دەستیان ناوەتە دادگاکە و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی دادگاکە کردووە، کە چەندین جار ناسەربەخۆیی دادگاکەیان لە لایەنی ڕامیاری، نەتەوەیی، ئێتنی و مەنتالی ئیسلامی و عەرەبیەوە سەلماندووە. دادگا کەیسی کەمواتای دوجەیلی پێش ژینۆسایدی ئەنفال خست، بەمجۆرە تیشکی خستەسەر ئەم تاوانە بچووکە و سەر سەدام حوسێن لەم تاوانەدا، پاشان سەدام لەسەر ئەم کەیسە بەزوویی بڕیاری لەنێوبردنی درا و لە ڕێککەوتنێکی عەرەبی شیعە و ئەمەریکا میلیتسانە لە لایەن گروپی موقتەدا سەدر لەناوبردرا. تاوانباری سەرەکی ژینۆساید، قانونییانە لە تاوانی ئەنفال داماڵدرا و ڕزگارکرا. بەمجۆرە تاوانی ئەنفال خرایە ئەستۆی هەندێ بەرپرسی بەعس، بەمشێوەیە دەوڵەتی عێراق و سەرۆکەکەی کە سیمبۆلی دەوڵەتی عێراقە لە تاوانی ژینۆساید دوورخرانەوە.

لە کاتی دادگاییەکەدا سکاڵاکەران و دیتەرانی کورد مافی خۆیان نەدرایە، داواکاری گشتی لاواز بوو و لایەنگیری لەو ڕوانگانەی ئاماژەیان بۆ کرا، پێوەدیار بوو، دادوەر عەبدوڵلا عامری لاینەگیری سەدام و بەعسییەکان بوو، عێراقچییەتی و عەرەبچێتی ڕاشکاوانەپێوەدیار بوو، بۆیە گەلێ دووانی لەم ڕوانگەیە دا. هتد.

پاش ئەوەی سێ تاوانباری ئەنفال (تاهیر تۆفیق یوسف عانی، سابیر عەبدولعەزیز حوسێن دوری، فەرحان موتلەگ سالح جبوری) بە واستە و بەرتیل یەکیان (تاهیر توفیق عانی) ئازاد کرا، دووانیان لە سزای کوشتن ڕزگارکران، دوا سکەندالی دەستێوەردان لە دادگادا هەوڵی ڕزگارکردنی تاوانبارانی ئەنفالچی سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشیدە. بەپێی خودی قانونی دادگای عێراقی دەبوایە لە ٤ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٧ ئەو تاوانبارانە لەگەڵ تاوانبار عەلی کیمیاوی سزاکەیان جێبەجێ بکرێت و هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێ ئەم بڕیارە بگۆڕێت. بەڵام بەرژەوەندی ڕامیاریی عێراق و دەسەڵاتدارانی عێراق بە تایبەتی ئەمەریکاییەکان، عەرەبی سوننە و بەرپرسانی دەسەڵاتی کوردی ئەوە دەخوازێ سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید دەرباز بکرێن، بۆیە هەوڵی دەستکاری بڕیاری کۆتایی دادگا تائێستا بەردەوامە و نازاندرێ ئاکام بەچی دەگات. ئەوا شەش مانگ بەسەر دواکاتی جێبەجێکردنی سزاکە تێدەپەڕێ.

ئەو کارە سووکایەتی ڕاستەوخۆیە بە نەتەوەی کورد بەگشتی و کەسوکاری قوربانیان بەتایبەتی، جێگەی سەرنجە تا ئێستا لە فەرهەنگی هیچ نەتەوەیەکی ژینۆسایدکراو نەبیندراوە، سەرکردەی گەلی ژینۆسایدکراو هەوڵی ڕزگارکردنی تاوانبارانی ژینۆساید بدات، بۆیە ئەگەر ئەمەریکایی و عەرەب لە پێناوی بەرژەوەندی ناسیۆنالیستانەی خۆیاندا ناڕەوایەتی بەرامبەر بە گەلی ژینۆسایدکراوی کورد دەکەن، هەر بەرپرسێکی کورد لەم کارەدا بەشدار بێت، کارێکی دژ بە بەرژەوەندی گەلی کورد دەکات، سووکایەتی بە قوربانییانی ژینۆسایدی ئەنفال دەکات، دەیسەلمێنێ کە باکی بە گەلی ژینۆسایدکراوی کورد نییە، بۆیە جێگای ڕیسوایی و نەفرەت لێکردنە.

ناوەندی چاك بەر لە دامەزراندنی دادگاکە ئاماژەی بە پێویستبوونی دادگایەکی بێلایەنی نێونەتەوەیی بۆ تاوانەکانی دژی گەلی کورد کرد، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتداران نە گوێیان بە داواکەی ناوەندی چاك و نە بە بەرژەوەندی گەلی کورد دا. ئەوەی ڕوویان دا و ڕوو دەدەن، بۆنموونە: دواخستنی دۆسیەی هەڵەبجە وێڕای شاردنەوەی گەلێك لە فاکتەرەکان لەم دۆسیەیەدا، دواخستنی دۆسیەی بارزانییەکان، تێکەڵکردنی ئەو تاوانانە لەگەڵ تاوانە عەرەبی و عێراقییەکانی دیکە و بە عێراقیکردنی ئەو تاوانانە، سکەندال و ناڕەوایەتییەکانی دادگا و دەسەڵاتی عێراقی، سەلماندنی دیسان قوربانی بوونی گەلی کورد لە پرۆسەی عێراقی دوای سەدام دەسەلمێنن.

جگەلەو ناڕەوایەتییانە، دەبوایە تائێستا دەوڵەتی عێراق لەسەر ژینۆسایدی ئەنفال داوای لێبووردن لە نەتەوەی کورد بکات، چونکە دەوڵەتی عێراق وەکو دامەزراو لە تاوانەکەدا تاوانبارە، هەروەکو چۆن ئەلمانیا وەکو دەوڵەت لە ژینۆسایدی جووەکان تاوانبارە و سەرۆکەکانی ئەڵمانیا ناچارن دەبێ داوای لێبووردن لەگەلی جوو بکەن. بۆیە لەسەر حکومەتی عێراقە ئەمڕۆ و لە داهاتوودا داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکەن، ئەو دەسەڵاتدارانە هەر کێ بن و سەر بە هەر نەتەوەیەك بن.

لە کاتێکدا ناوەندی چاك پشتگیری تەواوی داواکارییەکانی کەسوکاری قوربانییانی ژینۆسایدی ئەنفال دەکات، داوا دەکات پێداویستیەکانی پەیوەستدار بە ئەنفال جێبەجێبکرێن و جەخت لەسەر ئەو داوایانەی خوارەوە بەتایبەتی دەکاتەوە:

– دەستێوەردان لە کاروباری دادگا بووەستێندرێت و چیتر سووکایەتی بە گەلی کورد نەکرێت.

– دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چیتر چاو لە ناڕەوایەتییەکان نەپۆشێ، هەڵوێستی هەبێت و ریسوای دەستێوەردان لە کاروباری دادگا بکات.

– بەرپرسە کوردەکان ئەوانەی هەوڵی ڕزگارکردنی تاوانباران دەدەن بەتاوانی ناپاکی نیشتیمانی بدرێنە دادگا.

– هەموو جاشە تاوانبارەکانی بەشداربوو لە تاوانی ئەنفالدا بەبێ جیاوازی بدرێنە دادگا.

– تاوانبارانی دیکەی ئەنفال وەکو وەفیق سامەرایی، نەزار خەزرەجی و نمونەی ئەوان لە ئەفسەرانی ئەنفالچی بدرێنە دادگا.

– تیمی تایبەتی شارەزا و پێکهاتوو لە شارەزایانی جیهانی و کورد بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان دروست بکرێت و دەستبەکار بن.

– مۆنەمێنتێك بۆ تاوانی ئەنفال لەو شوێنەی کە زۆرترین قوربانیان داوە دروست بکرێت، هەر لەوێدا مۆزەخانەیەك بۆ ژینۆسایدی ئەنفال بکرێتەوە کە تیایدا پێشانگا، گوزارشتی قوربانیان، هەروەها زۆرترین کەرستە و شمەك و دەکومێنتی تاوانەکە لەخۆی بگرێت.

– کەسوکاری قوربانیان و هەموو ناوچەکانی کە لە کوردستان دابڕێندراون و دەکەونە چوارچێوەی مادەی ١٤٠، قەربووی فرەلایەنیان بکرێتەوە، پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێت، ناوچەکانیش بخرێنەوە سەر کوردستان و دابینی پارێزگاریی تەواو بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی دانیشتوانانی بکرێت.

– دەبێ دەوڵەتی عێراق لەسەر ژینۆسایدی ئەنفال، داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات، هەر بیانوویەك بۆ نەکردنی ئەوە، واتای نکۆڵیکردنە لە تاوانباریی عێراق لە ژینۆسایدی ئەنفالدا.

– قەرەبووی فرەلایەنی قوربانییان بەگشتی بکرێتەوە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیان باش بکرێت.

– دوای ئەو سووکایەتی و سکاندالانەی ڕوویاندا، بۆئەوەی چیتر ناڕەوایەتی بەرامبەر بە کورد نەکرێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر تاوانەکانی کە لە لایەن عێراقەوە دژ بە کورد کراون داوای دادگاییکردنی تاوانبارن لە دادگایەکی نێونەتەوەیی بکات.

– دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان دادگای تایبەت و بێلایەنی خۆی بۆ دادگایی تاوانبارانی ئەنفال لە باشووری کوردستاندا هەبێت. بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی دادگاکە، پێویستە دادگاکە بخرێتە ژێر چاودێری UN یا دەزگایەکی قانونی نێونەتەوەیی، دادوەر و شارەزای بیانی و بێلایەن کاریگەرانە لە پرۆسەی دادگاییەکەدا بەشداربن.

– ڕێگا بدرێت ڕێکخراوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە دژ بە ژینۆسایدی کورد، بە شێوەیەکی فەرمی چاودێری پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانباران، قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییان بکەن و بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەیەك لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئەنفال و ژینۆساید دروست بکرێت.

ناوەندی چاك

٢٠٠٨-٤-٧




## دێوەزمەی ئەنفالچییەکان

عەباس نادر

ئەی پیرێژنی کوڕ لێ ونبوو ، وەرە بامن و تۆ لەم یادە نەگریسەدا تێر تێر بگرین ، فرمێسکیشمان نەسڕین هەتا دەمرین، تۆ بۆ کوڕە تاقانەو خێر لە خۆنەدیوەکەت ، منیش بۆ بێ پەروایی زەمەنی دوای کوڕەبێ باوکە هەتیوەکەت.. .. مەبەستم بۆ زەمەنی جودایی ئاسمان و ڕێسمانی ژینی ڕۆژانەی تۆ، بۆ هەواو هەوەسی ئەنفالچییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ ،بۆزەمەنی خانووە کەپرەکەی تۆ، بۆ باڵەخانەی جاشەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ ، بۆ سپێتی کەزی و بسکی تۆ ، بۆسمێڵ ڕەشی بەعسیەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ ، بۆ پشت چەمانەوەو قەمبووری تۆ ، بۆ قیت و قۆزی ڕەفیق حزبیەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ ، بۆ بە ئابڕوویی و بە شەرەفی تۆ ، بۆ بێ ناموسی و گەوادی مخابەراتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ . داپیرە گیان وەختە منیش بگەمە ئەو باوەڕەی شەوەکانی زستانی دوێنێ زۆر گەرمتر بوون لە ڕۆژەکانی بەهاری ئێستا ، خۆ هەرنا " ئێمە ئاوازمان لەکەلی خۆمان دەخوێند و ئەوانیش لەکەلی خۆیان ،بەڵام ئیمڕۆ ئەوان بەڕووکەش لەکەلی ئێمە دەخوێنن ، ئێمەش کەلێکمان نەماوە ئاوازی تێ بخوێنین .

داپیرە گیان منیش وەك تۆ چاوم دەچێتە پشت سەرم ، دوای حەڤدە ساڵ لە ڕاپەڕین و پێنج ساڵ لە ڕووخانی ڕژێم کۆنە جاشێکی بە بەرگی پێشمەرگەوە دەبینم ، یان ئەنفالچییەکی بە لێپرسراوی لە وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانەوە دەبینم ، یان کۆنە بەعسییەکی بە لێپرسراوی لە پەرلەمانەوە دەبینم ، یان موخابەراتێك بە سەرپەرشت لەیادی کیمیا بارانەوە دەبینم ، یان سەرکردەکان لەماڵی کۆنە ئەمن و ئەنفالچیەکانەوە دەبینم .

# فرێد تەیفن ئەو پیاوەی هەموو قەرزارین

سەردار مەحموود


فۆتۆ: سەردار زەنگنە

**ئەم چاوپێکەوتنە بە هاوکاری کاک یونس گۆران ئەنجامدراوە.**

سەرەتا دەبێت ئەوە باس بکەم، ئێمە وەك كورد، بە تایبەت وەك ناوەندی چاك، هیچ كات ناتوانین ئەو دڵسۆزییەی بەڕێزت نواندت بۆ كورد، لە پرۆسەی دادگاییكردنی فرانس ڤان ئانرات لە یاد بكەین، بۆیە ئێستا لەبەردەم كەسێكی زۆر دڵسۆزداین و سوجدەی وەفاداریت بۆ دەبەم.

" ئەو ڕۆژەی داواكاری گشتی داوای خۆی خوێندەوە، داوای ١٥ ساڵ زیندانی بۆ ئانرات كرد بە تاوانی هاوبەشیكردن لە ئەنجامدانی ژینۆساید، ناوەندی چاك " پێشنیاری خۆم بوو " نامەیەكی كراوەی نووسی، تیایدا وەك وەفادارییەك بۆ ئەو پیاوە داوایكرد، شەقامێك لە شاری هەڵەبجە بە ناوییەوە ناو بنرێت، بەڕێز نوێنەری حكوومەتی كوردستان لەوكات مامۆستا شاهۆ ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، وەلێ بەداخەوە كەسێك نەبوو بە جدی دوای بكەوێت و داواكارییەكە بگەیەنێت بە ئەنجام "، وەلێ هێشتا درەنگ نییە بۆ دانەوەی ئەو وەفادارییە.

*** بەڕێزت وەك داواكاری گشتی دۆزی فرانس ڤان ئانرات، زۆر بە پەرۆش بوویت، بۆ ساغكردنەوەی ئەو تاوانانەی سەپێنرابوو بەسەر ئانراتدا، ئەو پەرۆشیەت لە كوێوە سەرچاوەی گرتبوو ؟، ئایا لەوەوە بوو كە پێت قەبوڵ ناكرا هاووڵاتییەكی هۆڵەندی لە دووری زیاتر لە ٤٠٠٠ كم تاوان بەرامبەر بە گەلێكی بێ دەوڵەتی وەك كورد بكات، یان هەستێكی مرۆڤ دۆستانەی گشتی بوو!.**

– بەڵێ، لە ٦-١١-٢٠٠٤ كاتێك ئانرات لە بەرنامەی نێت ڤێرك چاوپێكەوتنی لەگەڵدا كرا.

*** پێش ئەو مێژووە سكاڵای لێكرابوو؟**

– لە ٦-١١-٢٠٠٤ دەست بە سكاڵا كردن كرا، پێش ئەو مێژووە ڕۆژنامەنووسان لەسەریان نووسی، دەیان وت بازرگانی بە چەكی كیمیاوییەوە كردووە، وەلێ لە ٦-١١ ئێمە وەك پۆلیس كردمان بە قەزییە پاش ئەو بەرنامەیەی لە تەلەفزیۆن نیشان درا ، لێكۆڵینەوەمان دەست پێكرد، خۆم چووم بۆ كوردستان، ئەو هەموو بریندارەی چەكی كیمیاویم بینی كە لە نەخۆشخانەكان بوون، ئەو هەموو ئازارەی گەلی كورد هەیبوو، لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ ئەو یەكەم كەس بوو چەكی كیمیاوی داوە بە عێراق.

*** تا لە تەلەفزیۆن چاوپێكەوتنەكەی پەخش نەكرا، نەبوو بە قەزییە ؟ هەرچەندە لەسەریان نووسیبوو ؟**

– نا هیچ قەزییەیەك بوونی نەبوو، جگە لەوەی ئەمەریكا كە گرتی، لە ئیتاڵیا هەڵات چوو بۆ عێراق، بەڵێ لەوێوە دەستی پێكرد و گیرا.

*** تاوانباری دیكە زۆرن، لە كۆمپانیاكان، لە تاوانبارانی كوردستان، سەدان كەسی تاوانكارتر هەیە لە ئانرات، كەس لێیان ناپرسێتەوە، بەمە چی دەڵێن؟**

– مێژوویەك هەیە پێویستە باش ئاگاداری بین، ئەویش ئەوەیە تاكو ئۆكتۆبەری ١٩٨٥مەوادی كیمیاوی یاساغ نەبووە فرۆشتنی بە عێراق،چونكە عێراق دەیوت لە پیشەسازی نەوت بەكاری دەهێنم، دوای ئەو مێژووە،بە بڕیاری نەتەوەیەكگرتووەكان بڕیاردرا ئەو مادانە هیچیكە نەدرێت بە عێراق، چونكە لە شەڕدا بەكار دەهێنرا.

كۆمپانیای عەرەبی و ئەڵمانی هەن لە دوای ئەو مێژووە چەكیان داوە بە عێراق، ئێمە وەك هۆڵەندی ناتوانین محاسەبەیان بكەین، دەبێت وڵاتەكان خۆیان محاسەبەیان بكەن.

*** تەنها ئەو كۆمپانیایانە نا، بەڵكە ئەی ئەو چەكدارانەی بەشداری ئۆپەراسیۆنەكانیان كرد، خۆت لە دادگا باسی گوندی تۆپخانەت كرد ؟**

– یەكەم شت دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەوە كێشەیەكی ناوخۆییە، دەبوو كورد خۆی ئەوە بكات، لە بەر ئەوەی حكوومەتە كوردییە ناوخۆییەكە جیاوازی بیركردنەوەی تێدایە، ئێستا ئەو قەزیەیە بورووژێنرێت كێشە دێنێتە پێشەوە، بەڵام وەكو بیروڕای من ئەوەی بەشداریكردووە لە ئەنفال دەبێت دادگایی بكرێت، بەڵام ئایا دەتوانین پاش ٢٠ ساڵ ئێستا سزای ئەوانە بدەین ؟.

*** وەكو خۆت وتت لە دادگا ژینۆساید كۆن نابێت؟**

– بە پێكەنینەوە، بەڵێ وایە.

*** ئەو خۆپیشاندانانەی لەبەردەم هۆڵی دادگا لە لایەن كوردەكانەوە دەكرا، ڕۆڵی چی هەبوو لە سەر پرۆسەی دادگاییەكە ؟.**

– باوەڕ ناكەم كاریگەری لە دادوەر كردبێت، بۆ ئەوەی بڕیاری دیكە بدات، وەلێ كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر میدیای هۆڵەندی، كاریگەری لەسەر وێنەی كورد دانا، ناڕاستەوخۆ كاریگەری كردە سەر دادوەر بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی بدات.

*** كە داواكاری گشتی بوویت، دەتەویست بیسەلمێنیت ئانرات هاوبەشی كەرە لە پرۆسەی ژینۆسایدكردنی گەلی كورد، ئێستا تۆ پەرلەمانتاری، لە پارتێكی سیاسیدا كە خاوەند نفوزێكی گەورەی ئابووری سیاسییە لەم وڵاتە گرنگە كە ناوی هۆڵەندایە ، ئامادەیت هەیە، ئێستاش لە پەرلەماندا شەڕی بە بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی كورد بكەیت، واتا بە ژینۆساید ناسینی كورد ببەیتە ناو پەرلەمانەوە، چۆن پارتەكەت ئێستا ئەو شەڕە بۆ ئەرمەنەكان دەكات، با بۆ كوردی بێ دۆست و بێكەسیشی بكات ؟**

– كورد لە ناو حكوومەتی عێراقدا پێگەیەكی بەهێزی هەیە، گەورەترین بەڵگەش ئەوەیە سەرۆك كۆماری عێراق كوردە " سەرۆك جەلال تاڵەبانی "، ئێمە پشتگیری كورد دەكەین لە پرۆسەی دیموكراتی ناوخۆیی خۆیان، پشتگیری ئەو بزووتنەوەیە دەكەین لە ئێران هەیە، هەروەها ئەوەی لە كوردستانی سوریا هەیە، بەڵام پشتگیری ئەو شێوازە ناكەین پەكەكە دەیكات لە توركیا، ئێمە باوەڕمان وایە دەبێت بە شێوازێكی دیكە بێت تێكۆشان، وەلێ پشتگیری ئەوە دەكەین كورد لە توركیا ئۆتۆنۆمی هەبێت، وەك پارچەكانی دیكە، بەڵام دەبێت بە شێوازێكی دیكە هەوڵی بۆ بدەن.

ئەوەی شتێكی گرنگە ئەوەیە، ئەو جێگەیەی كورد لە كوردستانی عێراق گرتوویەتی، ئەبێت ینك و پدك بیسەلمێنن بۆ جیهانی دەرەوە كە جارێكی دیكە شەڕ ناكەنەوە و ئاسایش و ئارامی دەپارێزن، دەتوانن پێكەوە حكوومەت دابمەزرێنن و بەڕێوەی بەرن، تاكو ئێمەش لە ئەوروپا و ئەمەریكا زیاتر پشتگیری كێشەی كورد بكەین.

*** لە بیرت نەچێت پەكەكە لە توركیا دەیەوێت چەك دابنێت، وەلێ حكوومەتی توركیا لێی قەبوڵ ناكات؟**

– باسی ئەوە ناكەم.

*** پێت وایە ئەنفال ژینۆسایدە ؟**

– بەڵێ من بە ژینۆسایدی دەژمێرم، لەسەر ئەو بنچینەیەش فرانس ڤان ئانرات سزا درا بە هاوبەشیكردن لە ژینۆساید، ئێمە داوای ئەوەمان كردووە، وەلێ كێشەكە هێشتا بڕیاری كۆتایی لەسەر نەدراوە، من بەشێوەی یاسایی بە ژینۆسایدی دەبینم.

*** ئەگەر وایە، ئایا ئامادەیت هەیە نامەیەك بۆ دادگای باڵای تاوانەكان لە عێراق بنووسیت، تیایدا داوا بكەیت ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت؟**

– ئەمە پەیوەندی بە كاتەوە هەیە، لە مانگی یۆنی بڕیاری كۆتایی لەسەر دۆزەكە دەدرێت، ئێمە وەك وزارەت بە ژینۆسایدی دەناسین، وەلێ لە مانگی یۆنی بڕیاری كۆتایی لەسەر دەدرێت، كە وزارەتێكی هۆڵەندی – ئەوروپی بڕیاری لەسەردا كە ژینۆسایدە، قەت باوەڕ ناكەم وڵاتێكی وەك عێراق بە ژینۆسایدی نەناسێت، ئەمە باشترین پشتگیرییە بۆ ئێوە.

*** ئەمە هەڵوێستی پارتەكەشتە ؟**

– سروشتی ئەمە هەڵوێستی پارتەكەشمە ( ڤەی ڤەی دی)، هەر پارتەكەی ئێمە بوو، داوایكرد ئەو گروپەی ئەو جۆرە لێكۆڵینەوانە دەكات لەسەر ئەو هۆڵەندییانەی یارمەتی ئەو جۆرە دەوڵەتانە دەدەن بۆ ئەوەی پارەیان دەست بكەوێت، ژمارەیان لە ٢٠ كەسەوە بكرێت بە ٣٠ كەس، واتا گروپەكە گەورە بكەنەوە.

*** ئایا لەو بڕوادا هەیت ڕۆژێك بێت لەم وڵاتە، ئەوەی ژینۆساید كردنی كورد ڕەتبكاتەوە سزا بدرێت ؟**

– تاكید وایە، ئەگەر وزارەتی هۆڵەندی ئەوەی بە ژینۆساید ناسی، ئەمە مانای ئەوەش نییە تەنها لە هۆڵەندە وا دەبێت، بەڵكە لەناو هەموو یەكێتیی ئەوروپا بە ژینۆساید دەژمێردرێت.

*** بۆ ئەرمەن زۆرتان پێیە،كەچی هەر لە توركیا، زیاتر لە ٢٠ ملیۆن كورد لە مافی هاووڵاتی بوون بێبەرین، چیتان پێیە بۆ سەقامگیری ئاشتی لەو پارچەیەی كوردستان ، هەروەها بۆ كۆتایی هێنان بە شەڕ و ستەمی نەتەوایەتی پەیامتان چییە؟**

– ئەمە پرسیارێكی زۆر سیاسییە، نامەوێت زۆر تیایدا قووڵ ببمەوە، لەبەر ئەوەی شتی دیكەی زۆر لە دوایە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین كورد لە توركیا جیاببێتەوە، لەبەر ئەوەی لەساڵی ١٩٩٠ سەربازەكان بڕیاری ئەوەیان داوە، ئێمە چارەسەری كێشەی كورد لەوەدا دەبینینەوە، ناوچەی كوردەكان ببێتە ناوچەیەكی ئۆتۆنۆمی، نەك جیا ببێتەوە، باوەڕمان وایە كێشەی كورد لە توركیا بەشێوەی دیموكراسی لە چوارچێوەی سنووری توركیا چارەسەر بكرێت، ئێستا كێشەیە باسی كوردستانی گەورە بكرێت، بۆیە باشترە باس نەكرێت.

*** ئەوان ئەمڕۆ داوای ئۆتۆنۆمیش ناكەن، بەڵكە تەنها دەیانەوێت بە كوردی قسە بكەن و كولتووری خۆیان بپارێزن و جل و بەرگی نەتەوایەتی بپۆشن؟**

– كورد لە توركیا جیایە، كورد لە هەموو جێگەیەك هەیە لە ناو حكوومەتی توركیا، زۆر كورد هەیە نایانەوێت كورد لە توركیا جیاببێتەوە، كورد لە هەموو دەزگایەكدا هەن لە توركیا.

*** ئەوانە وەك كورد بوونیان نییە لەو جێگایانە، بەڵكە ناتوانن بە كوردی قسەش بكەن؟**

– من لەگەڵ ئەوەدام مافی كورد هەبێت لە توركیا وەك پۆشینی جل و بەرگ و زمان، وەلێ بە ڕوونی دەڵێم لەگەڵ ئەوە نیم كورد جیاببێتەوە لە توركیا، ئەگەر كورد جیاببێتەوە ئەوا دەبێت نەخشەی سیاسی ناوچەكە هەمووی بگۆڕدرێت، وەكو دوای جەنگی جیهانی دووەم.

*** بێینەوە سەر ئانرات،ئایا لە بەرواری ٦-١٢ ئانرات لەسەر چ بنچینەیەك گیرا؟**

– لەبەر ئەوەی تەلەفۆنەكەی كۆنترۆڵ كرابوو و گوێمان لێی دەگرت، لە ژێر چاودێریدا بوو، زانیمان ئاگادارە لێكۆڵینەوەی لەسەر كراوە.

*** كێ ئەو لێكۆڵینەوەیەی كردبوو؟**

– ئێمە وەك وزارەت ، بە نیاز بوو هەڵێت بۆ بۆسنە و مەنتگیرنۆ، بۆیە یەكسەر گیرا.

*** گرتنەكەی پەیوەندی بە وزارەتەوە هەبوو، یان بە سكاڵاكەرانەوە؟**

– بەڵێ لەو كاتەی ئێمە خەریكی كێشەكە بووین، بە دوایدا زۆر سكاڵای لێكرا، لە لایەن هاووڵاتییانی عێراقی و ئێرانی، كوردی ئێران و كوردی عێراق، لە دانیشتووانی هەڵەبجە، سەردەشت، گۆپتەپە، فەرجینی.

لەو كاتە گوێمان لێی بوو دەیەویست ڕابكات، ویستمان نەهێڵین ڕابكات، وەك چۆن ١٣ ساڵ ڕایكرد و لە عێراق خۆی شاردەوە، بۆیە وای لێمان كرد بیگرین، لەو كاتەی داندرابوو.

*** باشە ئەگەر تەلەفزیۆن چاوپێكەوتنی لەگەڵدا نەكردبایە، وریا نادەبوونەوە لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكەن؟**

– حكوومەتی هۆڵەندی بەڕاستی ئاگای لەم كەسە نەبوو تا نەهاتە سەر تەلەفزیۆن، كە بینیم وتم ئەمە چییە وا دەڵێت، یەكێك بووم لەوانەی وتم با دەستی پێبكەین



# گوڵاڵە ڕەزا: حکومەت دەبێت خۆی کار بۆ پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجە بکات
## نەک فشار بخرێتە سەری

**نا/ نوگرەسەلمان**

گوڵاڵــە ڕەزا زەنگەنــە ئــافرەتێکی کەرکوکییــە لەشــاری ڤینیســیا دادەنیشـێتو کارمەنـدی شـارەوانی ئەوشارەیەو کەسێکی چـالاکی بـواری کلتـوریو کۆمەڵایەتییـەو هـەوڵێکی بەرچـاوی داوە بۆناسـاندنی کـوردو دۆزەکـــەی، ئـــەو بەرپرســـی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ڕێکخراوی ئاشـتی جیهانییـەو لـەو ڕێگەیـەوە ڕێکخراوی شارەوانی ئاشـتی جیهـانی دەناسێت وبەهاوکاری ناوەنـدی چـاك هەڵەبجـە دەکـەن بەئەنـدامی ئـەو ڕێکخـــراوە، دواجـــار دواهـــەمین کۆنفراسـی شـارەوانییەکانی جیهـانی ئاشتی لەکوردستان دەبەستن:

نــوگرە ســەلمان/ کـارکردنی ئـەم ڕێکخـراوەی ئێـوە کاریگـەری هەیـە بۆدۆزی کوردو، دەتوانێـت هەڵەبجـەو ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر کـورددا هاتووە بەدنیا بناسێنێت؟

گوڵاڵە: بەدڵنیاییەوە، دەورێکی زۆری هەبووە، هەڵەبجەیان زۆر ناساندووە، لــەڕێی ئـــەو کۆڕوســـیمینارانەی دەیبەستن، هیوام هەیە کەخزمەتێکی زۆرتری کوردبکات.

نوگرە سەلمان/ دەتوانن چی بۆ کورد بکەن؟

گوڵاڵە: دەتوانێت پاڵپشتێکی سیاسی بێـت بۆکـوردو، دۆسـتێکی زۆری بۆپەیـدا بکـات، ئەمـەش کەمنییـە، چـونکە کـوردو کوردسـتان پێویسـتی بەوەیـە لـەولاّتان بناسـرێتو جێـی خۆمان بکەینەوەو پاڵپشتی سیاسی بەدەست بهێنین.

نــوگرە ســەلمان/ ئــەو تراژیدیایــەی بەســەر کــورددا هــاتووە کاریگــەری زۆری هــەبووە لەســەر تــاکی کــوردی وکوردســتان، ئایــا دەکرێــت، ئــەو کارەسـاتانە بـبن بـەکارتێك لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی پێگـەی کـورد زیاتر بکاتو بەرەو پێشەوەی ببات؟

گوڵاڵــە: بەدڵنیاییــەوە، دەوری زۆری هەیــە، ئــەو سیمینارانەی دەکرێـت لەســــەر جینۆســــاید بــــۆ دروســـتکردنەوەی دەرونـــی کـــورد، ڕاستە وڵاتی ئێمە وێرانکراوەو ڕەنگە بتوانین لەڕووی ئابورییەوە دروستی بکەینـــەوە، بـــەڵام لـــەوەگرنگتر دروســــتکردنەوەی مەعنــــەویاتو عەقڵییــەتی خەڵکەکەیــە، کارەکــانی ئـەو ڕێکخراوانـەش کاریگـەری خـۆی دەبێت.

نــوگرە ســەلمان/ حکومــەتی هــەرێم تاچــەند هاوکــاری ئێــوەی کــردووە لەناساندنی کارەکانی ئێوەدا؟

گوڵاڵــە: پــێش منــیش خــەڵکی دیکــە هەبووە کەکاربکەن، بەڵام مـن وەکـو تاکەکەس دەستم پێکردووە، بۆزیاتر ناســاندنی کــــوردو باســــکردنی جینۆسـایدی گـەلی کـورد لـەئیتاڵیا، لەهەمانکاتیشـدا پەیوەنـدیم هـەبووە لەگــەڵ ڕێکخراوەکانــدا، چــی لەگــەڵ کەســایەتییە سیاســییەکان وچــی لەگــەڵ حکومەتــدا، چــونکە ئەگــەر پاڵپشتێکمان لەناوە نـەبێت، ئێمـەش لـەدەرەوە نـاتوانین کاربکـەین، ئـەو پاڵپشـــتییە ڕاســـتەوخۆیەی لەکوردستانەوە بکرێت زۆر گرنگە.

نوگرە سەلمان/ چۆن دەتـوانین ئـەو کارەساتانەی بەسـەر کوردا هـاتووە لەمێشکی قوربانییـەکان وپاشمـاوەی ئــەو کەســانە دەربهێــنین، بۆئــەوەی کارەکتـــەرێکی تەندروســـتو سودبەخشیان لێدەرچێت؟

گوڵاڵــە: ئەگــەر بمانــەوێت ئــەو کارەســاتە لەمێشــکی خــەڵك یــان کەسوکاری قوربانییەکاندا دەربکەین، ئەوە زۆر زەحمەتە، چونکە برینەکـە ئەگــەر کــۆنیش ببێــت بەتــەواوەتی ساڕێژ نابێتەوە، هەرکاتێك بۆی هەیە هەڵبداتەوەو ئازاری هەبێت، دەتوانین کارێـك بکـەین کـەوا نیشـان بـدەین، کەئێمــە هــەر دەم لەگــەڵ ئــەوانین، ئەگەر کەسی نزیکی خۆشمـان نـەبن، بــەڵام ئێمــە ئــەوانمان لــەیادەو خاوبەشـی خـەمی ئـەوانین، ئـەوەش بۆکەمکردنــــەوەی موعانــــاتی کەســوکاری قوربانییــەکان گرنگــە، چونکە ئەگەر بارێکی گرانت هـەبێت، خـــەڵكو دەوروبەرەکـــەت ببینـــی کـــەهاوکاریت دەکـــەنو هەســـت بەئازارەکانت دەکەن، ئەوە ئەو باری دەردەت زۆر کەمدەبێتەوە.

نــوگرە ســەلمان/ ڕێکخراوەکــانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن وابکـەن، حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتان داواکـــاریو پێداویســـتییەکانی پاشمـاوەی قوربانییـەکانی ئـەنفالو هەڵەبجە دەبین بکات، ئەو ڕێکخراوانە دەورییـان چییەو دەتـوانن فشـار دروست بکەن لەسەر حکومەت؟

گوڵاڵە:پێویست ناکات فشار بخرێتە سەر حکومەتی کوردستان بۆئـەوەی کار بۆقوربانییانی کارەساتی ئەنفالو هەڵەبجـە بکـات، دەبێـت خـۆی بـەو کـــارە هەســـتێت، لەوباوەڕەشـــدام ڕێکخراوەکان دەتوانن دەور ببینن.

نــوگرە ســەلمان/ پرســیارەکەی مــن لەوســـۆنگەیەوە دێـــت کەخـــەڵك و وکەس‌وکاری قوربانییەکان گلەیی زۆر کە لـە حکومـەت دەکـەن، کەهیچیان بۆنەکراوە؟

گوڵاڵە:وایــە، کەدەچــیتە هەڵەبجــە دەبینـــی هـــیچ خزمەتگوزارییـــەکی تێدانییـــە، ئەوەیشـــی کـــراوە نیوەناچـڵەو تـەواو نـەکراوە، ئـەو شــتانەی کــە بەچــاو دەیــانبینی دەتـوانی بڵـێین هیچیان بۆنـەکراوە، بەڵام دەبێت کاریان بۆبکرێت هـەقی خۆیانە.

نــوگرە ســەلمان/ ئێــوە کۆمــەڵێك خەڵکن لـەدەرەوە وەکو سەربازێکی ون، بۆناســـاندنی کـــوردو ئـــەو کارەســاتانەی بەســەریدا هــاتووە کاردەکەن، داواتان چییە لەحکومەتی هەرێم؟

گوڵاڵـــە: داواکـــارم حکومـــەتی کوردستان وسیاسـییەکان پاڵپشـتی ئــەو کەســانە بکــەن، کەلــەمبوارەدا کاردەکـەن، کـارکردن ئاسـان نییـە، پاڵپشتی حکومەتی کوردستان زیاتر بەردەوامی دەدات بەکارەکانمان.

نوگرە سەلمان/ پێت وایە کورد لەچی ڕێگایەکـەوەدەتوانێت زیـاتر دەنگـی نێــو دەوڵــەتی بەدەســت بهێنێــت، لــەڕێگای ڕێکخــراوە مەدەنییەکانــەوە یـان ڕێگـای سیاسـی ڕەنگـە ڕێگـای دووهەم ئاستەنگی زۆرتری هەبێت؟

گوڵاڵـە: مـەرج نییـە تـەنها لـەبواری سیاســەتدا کاربکــەیو ســەرکەوتن بەدەســتبهێنی، بەپێچــەوانەوە ئــەوە دەکەوێتە سەر ئـەو کەسـەی کارەکـە دەکـات، هــەروەها ئــەوەی دەیکــەی چــییەو تاچــەند بــاوەڕت پێــی هەیــە کەدەیکــەیت، دەتــوانی بەتــەنهاویێ پاڵپشـــتی هـــیچ لایـــەنێك کاربکـــەی، تاکوئێســـتا ئـــەو ئیشـــانەی مـــن کردوومــە، بەراسـتی پاڵپشـتی هــیچ حیزبێکم نەبووە.



## جاش ناوێك هەمیشە ئامادە، هەمیشە ڕێك ، هەمیشە لەفۆڕمی سەردەمدا

**سۆران مامە حەمە**

وشـەی جـاش لەفەرهـەنگی سیاسـی کـورددا تـازە نییـە، وجاشـایەتیش کردەیـەکی نـویێ نییـە کەمۆدێرنێتـە بـۆی هێنـابین! ، هــەر لەســەردەمی شێخ مەحموودەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ جــاش دەورێکــی بــاڵای هــەبووە لەبەرەنگاربوونـــەوەو شکســـتپێدانی شـۆڕشو جوڵانـــەوە کوردییەکانــدا، بەڵام جاش ئێسـتا فـۆرم وسـتایلێکی دیکــەی وەرگرتـــووە ، جاشـــەکان لەسەردەمی شۆرشی ئەیلولدا و دواتر بۆلێـدانی هێـزی پێشـمەرگە لەلایـەن حکومەتی ئەوسای ئێراقەوە دروست بـوون ، جاشــی ئــەنفال ، جاشـێکە جیاواز لە جاشـی هـەموو قۆناغـەکان .. جاشی ئەنفال بیێ ویژدانترین و بـیێ ئەمـــــەکترین و حـــــەرامزادەترین کەسانێك بوون کە بەرژەوەندی تاکی خۆیان هاوشـان لەگـەڵ بەرژەوەنـدی ڕژێمــی بەعســی عــەرەبی عێراقــدا گرێـداو بۆسـرینەوەی نەتەوەیـەك و دەرکــەوتنی ئــەوان وەك فیــداکارو خـــاوەن نط شـــجاعە وقارەمـــان وشۆرشگێر ،جاشەکانی ئەنفال تـاقم ودەستە وهێـزو مـەفرەزە وفـەوجیان هــەبووە، ..جبەخانـە وچـەکی نـویێ وکەرەسـتەی جـەنگییان پـیێ بـووە ، پیاوی بەرەعییەت وخاوەن ناوو بوون وکەسوکاریان هەبووە.

دەکـــریێ جـــاش لەهـــەموو کـــەس تاوانبارتربێـت ، گـەر جـاش نەبوایـە ســـەربازێکی زەلکاوەکـــانی بەســـرە لەکویێ دەگەیشتە ناوچـەی گـەرمیان وبلــە وبــەرزان ودۆڵــی جافــەتی وبادینان؟؟ خوێندنـــــەوەی جـــــاش ، خوێندنەوەیـەکی کـاتی بەرژەوەنـد خوازی کورت بینانە بووە بۆیـە هـەر زوو لەناو کۆمـەڵانی خەڵکدا بیێ نـرخ وبیێ ڕێزکران بەئێستاشیانەوە.

پێم وایە جاشەکان هەریەکە وهۆیەکی هەیە بۆ جاشێتی وچەند جۆرێکن:

*ئەو جاشانەی لـە پێشـمەرگە یـاخی دەبوون ولەلایـەن شۆرشـی ئەوسـاوە داواکراوو یاساغ بوون.

*ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان تـەباو هاوتـەریب بـوو لەگـەڵ دەربەگایـەتی ودیکتاتۆرییـەتی بەعسـدا ، کەئەمـە پێچـــەوەنەی سیاســـەت وبەرنامـــەی شۆرش بووە.

*ئەوانەی لەبەر هـەبوونی سامانێکی زۆر وزەوەنـد لـەزەوی داگـیر کـراوی هـــەژاران ومـــەرومالاّت کـــە ترســـی لەدەســتدان یــان قــۆرغ کردنیانیــان هەبووە لەلایە ن حکومەتەوە.

*ئەوانەی هیچ نەبوون ودەیان ویست لــەڕێی بــەجاش بوونیانــەوە ببنــە خانەدان وخاوەن سامان.

* ئەوانەی کەلەترسدا دەبوونە جاش وحکومـــەت گومـــانی بـــەردەوامی لێدەکردن بۆیە ویستیان بەم کارەیان حکومەت دڵنیابکەنەوە لە خۆیان.

بەداخەوەلەگــەڵ ئەمانەشــدا کــورد هەمیشـــە دەســـتی خیانـــەتکاری تیـــابووە ومێـــژووش ئەمـــەی ســـەلماندووە، جگــە لــەوەی چــەندین بەهانە وتەکنیکی تر هەبووە بۆ بوون بەجاش.

جـاش لەسـەردەمی ئەنفالـدا دەسـتی لەئــەتك کردنــی کــچ ودایکەکانمانــدا هەبووە .. جاشی ئەنفال تاوانبارە بە بەفــەرهوودبردنی سامانی نەتــەوەیی وژێرخـــانی ئـــابووری کوردســـتان وتایبـــەتتر لادێکـــان ، هـــەروەها سـوتاندنی ئـەو گونـدو شارۆچـکانەی کوردسـتان ولــە سـێدارەدان وگـرتن وکوشتن وجاسوسیکردن بۆ بـەعس لەئەستۆی ئەمانە.

لــەدوای ڕاپەرینــەوە جــاش مـاڵوێران وســـەرگەردان وپەرتـــەوازە بـــوو ودەســتیانکرد بەئاژاوەنانــەوە ودزی وقاچاخچـێتی ، لەبەرامبــەر ئەمــەدا هـــەردوو پـــارتی دەســـەڵاتدار بـــۆ کۆکرنـــەوەی خـــەڵك لـــەخۆیان وبۆمونافەسـەی حیزبایـەتی هەسـتان بەجێکردنەوەی جاشـەکان بـەبیانووی لێبـــوردنی گشـــتییەوە وهەرچـــی بەرژەوەنـدی نەتـەوەیی ونیشـتیمانی هــەبوو وەلایــان نــا کــە لــە٩٠٪ی جاشـــــەکانیان گرتـــــە خۆیـــــان وگەڕاندیاننــەوە بــۆ ناوکەســو کــاری ئــەنفالکراوەکان ومیللــەتی کــورد کــە لەدوایـدا بـوون بـەپیاوو دەسیسـەی خۆیان وهـەر ئـەوانیش بوون شـەری براکوژییـــان هەڵگیرســـاند وبـــوون بەکاربەدەسـتی حکومـەت وگـەل..، هــەر جاشــەکانن خــەریکی ســەنگەر گواســتنەوەو ئــەملا وئــەولا کــردنن وبەدوای پاروی چەوردا دەگەڕێن.

گاڵتەشـــم بـــەو قســـەیە دێـــت کـــە دەڵێن"هەنــدیێ جــاش هاوکــاری خەڵکیان کردووە ولەپرۆسەی ئەنفالدا کوردیــان دەربــاز کــردووە" چــونکە ئەوانەی وا دەڵـێن پیـاوو کەسـوکاری جاشــەکان خۆیــانن ، ئەگــەر ئــەو قسەیەش ڕاست بیێ ئـەوا بەپـەنجەی دەست دەژمێردرێن ودەکریێ هۆکاری کۆمەلایەتیش هەبن نـەك نەتەوایـەتی ودڵســۆزی خــاك وئــاوی کوردســتان ئــەگینا باجاشــایەتییان نەکردایــەو بچونایەتە شاخ ، ئەوقسانە تـەنها بـۆ پەردەپۆشـــــکردنی تاوانـــــە زۆرو زەوەندەکانیانـــــە دەرهـــــەق بـــــە نەتەوەکەی خۆیان سەرەرای ئەوەش خــۆ کفــر نیــە لــە ٤٠٣فــەوج و٣٦٠موستەشـار وزیـاتر لـە١٥٠هـەزار جاشدا چەند کەسێك هەبن .

جاشــی ئــەمرۆ وان لەکوردســـتانی ڕۆژهـــەڵات .. وان لــــە کوردســـتانی تورکیـا وکەواسـووری بـەر لەشـکری دوژمنن ودژی بـرا شۆرشـگێرەکانمان دەجــەنگن ودەبنــە دەلیــل و ڕیێ نیشـاندەری بنکـە وبارەگاکانیـان ، جاشی لای خۆمانیش ئەمڕۆ لەبـەرگی واسـتە چـی وماستاوچـی ومـەرایی کەراندایــە .. جاشــی ئــەمرۆ لــە ڕاگەیانـدن ولەسـەر نـووکی قەڵـەمی پیاوەنەخۆشـەکاندایە ، بـۆ ئـەوەی زیاتر درێژە بەباسەکەم نەدەم .. پێم وایە چەنـدە سـەدام وعەلی کیمیـاوی ونـزار خـەزرەجی و..هتـد تاوانبـارن سەد هێندە جاش تاوانبارە و دەکرا کـورد ئەوەنـدەی هـەوڵی بۆدادگـایی کردنـــی ســـەرانی بـــەعس دەدات ، هێندەش کاری بۆ دانانی دادگاییەکی عادیلانە بکردایـە بـۆ لێپرسـینەوە لـە جاشـــەکان ،چـــونکە کەســـوکاری ئەنفالکراوەکانیش هێندەی چاوەڕێی لابـردن ودوور خسـتنەوە و وەلا نـانی جـــاش دەکـــەن لـــە دەســـەڵات و حکومـــەت و حیـــزب ، نیـــو هێنـــدە چـــاوەڕێی دادگـــایی کردنـــی ســـەدام ناکـــەن .. ســـەدام کەســـێکە مەگـــەر بەس لەtvی وروپەری ڕۆژنامەکانەوە ببیننـــــو دەزانـــــن پـــــەتکراوە وچارەنوسی مەرگە ، بەڵام جاشەکان لەسەر جادە ولەنێو کۆڕ وکۆبونـەوە وکورسـی دەسـەلاتدان ودەمراسـت و دەم سپی میللەتن .

## سوپاس و پێزانینمان

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئەو لایەن و کەسایەتییە بەڕێزانە دەکەین کە هاوکاریان کردووین لە دەرچواندنی ئەم ڕۆژنامەیە و ئەنجامدانی چالاکییەکانمان

_ پارێزگاری کەرکوك ١٥٠٠٠٠هەزار دینار
_ دەزگای ڕۆژ ٢٠٠٠٠٠ هەزار دینار
_ محەمەد عوسمان عەزیز ١٠٠٠٠٠ هەزار دینار
_ سۆران مامە حەمە ٢٠٠ cd
_ یەکێتیی نوسەرانی کورد/ لقی کەرکوك

## ئاگاداریەك بۆ
## دانیشتوانی کەرکوکی خۆشەویست

نوسینگەکەمان(نوسینگەی کەرکوك/ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد_ چاك) لە ڕۆژی دووشەممە ٤/١٤ لە هۆڵی (قشڵە) ئەم چالاکیانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدات.

هاتنتان مایەی بەرز ڕاگرتنی یادی ٢٠ ساڵەی کارەساتی ئەنفالە.

_ پێشکەشکردنی شانۆییەك لە لایەن(شکۆ عومەر، فریاد ئەحمەد، کارگەر جەواد، هەردی محەمەد، کاروخ سەیفەدین)

_ کـۆڕێکی شـیعر خوێندنـەوە بـۆ شـاعیران(ئاوێزان نـوری، سـتار عەبدولرەحمان، عومەر سەیدە، سۆران مامە حەمە)

_ گۆرانی هەناسەیەك بۆ ئەنفال لە لایەن هونەرمەند(سەباح شێخانی).

_ دابەشکردنی (cd) ئازەکانی ئەنفال بەسەر ئامادەبواندا.

**خاوەنی ئیمتیاز**
نووسینگەی کەرکووك/ناوەندی (چاگ)

**سەرنووسەر**
ئیدریس حاجی سەعید

**بەڕێوبەری نووسین**
هێمن حەسیب

**دەستەی نووسەران**
سۆران مامە حەمە
حەمە سەعید زەنگنە
حەمزە قاسم عەلی

**تایپ**
ئومێد جاف
دلێر ڕەفیق

**نەخشەسازیی**
ئەنجام سەعید

www.chaknews.com
kirkuk_chak@yahoo.com